# چاپکراوی نوێ

(خەبات... تۆماری خەباتی نەتەوەیەك ١٩٥٩-٢٠١٩) کتێبێکی دیکیۆمێنتارییە لە ئامادەکردنی شکار عەفان نەقشبەندی.... ئەم بەرهەمە لە یادی شەست ساڵەی بەئاشکرا دەرچوونی رۆژنامەی خەبات چاپکراو لە دووتوێی(٢٩٥) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە دیزاین و بەرگێکی ناوازە بڵاوکرایەوە.

پێشەکی ئەم تۆمارە لەلایەن سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات سەلام عەبدوڵڵا نووسراوەو تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە شەست ساڵ لەمەوبەر و لە(٤ی نیسانی ١٩٥٩)یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی(خەبات) کەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران و لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە شارو لە شاخ و لە کاتی شەڕو ئاشتیدا رۆڵی خۆی نەك تەنیا وەکو زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵکو وەك زمانحاڵی گەلەکەمان و خەباتی شۆڕشگێڕانەی گێڕاوەو هەمیشە لە سەنگەری داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلەکەماندا بووە.

بیرۆکەی ئامادەکردنی ئەم کتێبەش هەر وەك نووسەرەکەی (شکار عەفان نەقشبەندی) باسی دەکات لەگەڵ هاوکارانی لە ساڵی ٢٠١٨ و دواتر گەڵاڵە بووە، کتێبەکە وێنەی کۆپی چەندین ژمارەی لە مێژووی قۆناخە جیاجیاکان دەرچوونی رۆژنامەی خەبات و برایەتی کە زیاترینیان رووداوە مێژووییەکانە لەخۆ گرتووە.

پیرۆزبایی لە نووسەری کتێبەکە شکار عەفان نەقشبەندی دەکەین، دەستخۆشی لێ دەکەین کە توانیویەتی ئەم مێژووە دێرینەی کاروانی رۆژنامەگەریی (خەبات) بەم شێوازو دیزایینە نایابە بخاتەڕوو.





# خوێندنەوەیەکی کوردانە بۆ بەشداریی سەرۆک بارزانی لە (کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو)





**غەفوور مەخمووری**
سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

**لە ڕووی پرۆتۆکۆڵییەوە وەک سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کرا و، لە هەمووی گرنگتر بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان بێ ئاڵای عێراق لە تەک ئاڵای وڵاتێکی عەرەبیدا بەرزکرایەوە**

**سەرۆک بارزانی بە لێزانی و سیاسەتی حەکیمانەی خۆی توانی کوردستان لە قۆناخێکی هەرە سەخت و دژوار دەرباز بکات و گەمارۆکانی سەر کوردستان تێکبشکێنێت**

**بۆ هەموو لایەک ڕوونە کەوا سەرۆک بارزانی وەک فەرماندە و پێشمەرگەیەک هاوشانی پێشمەرگەکانی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەرەڤانیکردن و پاراستنی کوردستاندا بوو**

**ئوردن لە پێشەوەی ئەو وڵاتە عەرەبییانە دێت کە خوازیاری بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەتین بووە لەگەڵ کوردستان، هەر زوو هەستی بە گرنگیی پێگەی کوردستان لە ناوچەکەدا کردو بڕیاری کردنەوەی کونسڵخانەی گشتیی وڵاتەکەی دا لە هەولێر**

سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شای ئوردن و بۆ بەشداریکردن لە حەڤدەهەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو، ڕۆژی ٥/ ٤ / ٢٠١٩ سەردانی عەممانی پایتەختی ئوردنی کرد و، ڕۆژی ٤/٦ بەشداری کۆڕبەندەکەی کردو، ڕۆژی ٤/٧ شاعەبدوڵای دووەم کوڕی حوسێن پادشای ئوردن بە گەرمی پێشوازی لە سەرۆك مسعود بارزانی و شاندی یاوەری کرد.

سەردانی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئوردن و پێشوازیلێکردنەکەی، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوچەکەدا هەبوو، لە ڕووی پرۆتۆکۆڵییەوە وەك سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرا و، لە هەمووی گرنگتر بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان بێ ئاڵای عێراق لە تەك ئاڵای وڵاتێکی عەرەبیدا بەرزکرایەوە، بێگومان ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕۆڵ و قورسایی سەرۆك بارزانی و پێگەی کوردستان لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، لەهەمان کاتدا ئاماژەیەکە کەوا سەرۆك بارزانی ڕێبەرایەتی گەلی کوردستان دەکات، هەر بۆیەش وەك سەرۆکی وڵاتان پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرا، سڵاوی سەربازیی لێ کرا، فەرشی سووری بۆ ڕاخرا، ئەم شێوازی پێشوازیکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانە، حکومەتی عێراقی نیگەران کرد و داوای ڕوونکردنەوەی لە ئوردن کرد، ئوردنیش بە شێوەیەکی دیپلۆماسییانە وەڵامی عێراقی دایەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر پەیامەکە گەیشت، کە ڕێبەری گەلی کوردستان سەرۆك بارزانی-یە و کوردستان خاوەن پێگەی گرنگ و تایبەتیی خۆیەتی لە ناوچەکەدا.

(کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو)؛ کە هاوشێوەی کۆڕبەندی داڤۆسی سویسرایە، بەستنی ئەم کۆڕبەندە بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەك لە سەرۆکی وڵاتان و هەزار کەسایەتی سیاسی و ئابووری و بزنسمان و نوێنەرانی کۆمپانیا مەزنەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی و ڕاگەیاندنکار لە پەنجا وڵات، دیدار و کۆڕبەندێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی گرنگە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی وڵاتان و، دەکرێ لە پەراوێزی ئەم کۆنگرەیەدا دەیان دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی وڵاتان ئەنجام بدرێت و پەیوەندییەکی دۆستانە و بەرهەمداری لێ وەبەربێت، بانگهێشتکردنی سەرۆك بارزانی بۆ ئەم کۆڕبەندە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو، کەوا کوردستان لە ناوچەکەدا وەك وڵاتێکی دیفاکتۆی ڕانەگەیەندراو دەتوانێ بەشدار بێت لە داڕشتنەوەی نەخشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

دروشمی سەرەکیی کۆڕبەندەکە «دیاریکردنی سیستمێکی نوێ بۆ هاوکاریکردن» بوو، کۆڕبەندەکە تایبەت بوو بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و، تەرخانکرابوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چوار تەوەری سەرەکی کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

- بنیاتنانی نموونەیەکی نوێی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ناوچەکە.
- دوارۆژی ژینگە لە ناوچەکەدا.
- گەیشتن بە زەمینەسازییەکی کاری هاوبەش لە جیهانێکی فرەبۆچووندا.
- شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم لە ناوچەکەدا.

دروشمی سەرەکی و ئەم تەوەرانە کە بابەتی سەرەکیی گفتوگۆکانی کۆڕبەندەکە بوون؛ سەرەتایەکی گرنگن بۆ داڕشتنەوەی ستراتیژێکی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا. بەشداریکردنی سەرۆك بارزانی لەو کۆڕبەندەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە بەڵێ، دەبێت کوردستان بەشداربێت لە داڕشتنی سیستمی نوێی هاوکاریکردن و بەیەکەوە کارکردن لە ناوچەکەدا، کوردستان ڕۆڵی خۆی دەبێت لە داڕشتنەوەی ستراتیژییەکی ئابووری و سیاسی و ئاسایشی ناوچەکەدا، ئەمانەش بە حوکمی ئەوەی کە کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و خاوەن نەوت و غازێکی زۆرە و، لەهەمان کاتدا سەرچاوە ئابوورییەکانی فرەن، وەك: کشتوکاڵ و گەشتیاری و جۆرەها کەرەسەی سەرەتایی پیشەسازی، لە ڕووی سیاسییەوە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك مسعوود بارزانی وایکردووە کوردستان ڕووبەڕووی هەموو ئەو پیلان و ئاستەنگانە ببێتەوە کە ڕووبەڕووی کوردستان بوونەوە و سەرۆك بارزانی بە لێزانی و سیاسەتی حەکیمانەی خۆی توانی کوردستان لە قۆناخێکی هەرە سەخت و دژوار دەرباز بکات و گەمارۆکانی سەر کوردستان تێکبشکێنێت، بانگهێشتکردنی بۆ کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو ئاماژەیەکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە کە بەڵێ، سەرۆك بارزانی لە ئێستا و داهاتوودا دەتوانێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، سەرەڕای ئەمانە پێگەی کوردستان لە ڕووی ئاسایشەوە گرنگە؛ کوردستان توانی ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و هێمنی و ئارامی کوردستان بپارێزێت و وەکو ناوچەیەکی ئارام بمێنێتەوە، بێگومان ئەوەش بۆ هەموو لایەك ڕوونە کەوا سەرۆك بارزانی وەك فەرماندە و پێشمەرگەیەك هاوشانی پێشمەرگەکانی کوردستان بەردەوام لە سەنگەری بەرەڤانیکردن و پاراستنی کوردستاندا بوو، ئەو ئاسایش و ئارامییەی لە کوردستان هەیە، وادەکات کوردستان ببێتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان و ڕێگە بۆ وەبەرهێنەران خۆش دەکات، بۆئەوەی بێن

لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەمەش لە داهاتووی نزیکدا وادەکات کە کوردستان لە رووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر بەرەو پێشڤە بچێت.

بێگومان بەشداربوونی سەرۆك مسعود بارزانی لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی دەریای مردوو لەم کاتەدا کرانەوەیەکی گرنگە بە رووی ناوچەکەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتانی بەشداری کۆڕبەندەکە بەگشتی و ئوردن بەتایبەتی، ئوردن لە پێشەوەی ئەو وڵاتە عەرەبییانە دێت کە خوازیاری بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەتین بووە لەگەڵ کوردستان، هەر زوو هەستی بە گرنگیی پێگەی کوردستان لە ناوچەکەدا کردو بڕیاری کردنەوەی کونسڵخانەی گشتیی وڵاتەکەی دا لە هەولێر، دواتر کۆمەڵێ کۆمپانیای ئوردنی روویان لە کوردستان کرد و بەشدار بوون لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی کوردستان و گەشەپێدانی مرۆیی و تا ئێستاش بەردەوامن، ئەو پەیوەندییانەی نێوان ئوردن و کوردستان رێگەخۆشکەر و متمانەبەخش دەبن بۆ زۆر وڵاتی دیکەش کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردستان پێشبخەن.

جیا لە کارنامەی کۆڕبەندەکە؛ رۆژی ٧ / ٤ شاعەبدوڵای دووەم کوڕی حوسێن پادشای ئوردن بە گەرمی پێشوازی لە سەرۆك مسعود بارزانی و شاندی یاوەری کرد، وەك راگەیەندرا لە دیدارەکەدا شا عەبدوڵا خۆشحاڵیی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بە پێشڤەچوون و باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و وتوویەتی: «باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە»، بێگومان عێراق و ئوردن دوو وڵاتی هاوسنوورن و کۆمەڵێ پەیوەندی و بەرژەوەندی بەیەکیان دەبەستێتەوە. سەرۆك مسعود بارزانی دەتوانێ رۆڵێکی کارای هەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و پێشخستنی پەیوەندییەکان، بە لای شانشینی هاشمی ئوردنەوە زۆر گرنگە کەوا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ عێراق و پێهاتەکانی عێراق هەبێت، بۆ ئەوەی لە لایەك پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان و بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراق و کوردستان بپارێزێت و پێشیان بخات، لە لایەکی دیکەشەوە لە رووی ئارامی و ئاسایشەوە سنووری وڵاتەکەی لەگەل عێراقدا بێ کێشە و پارێزراو بێت.

بێگومان رۆڵی سەرۆك بارزانی نەك تەنیا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەکەشدا بۆ پاراستن و چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی زۆر گرنگە، بۆیە ئوردن بە گرنگی دەزانێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سوود لە پێگەو رۆڵی سەرۆك بارزانی وەربگرێت، ئەم بانگهێشتکردن و سەردانەش سەلمێنەری ئەو راستییانەن. هەروەها لە دیدارەکەی نێوان سەرۆك بارزانی و شا عەبدوڵای دووەم جەخت لەسەر پەیوەندییە مێژووییەکانی نیوان هەردوولا و بەردەوامیی ئەو پەیوەندییانە کراوەتەوە و باس لە پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان کوردستان و شانشینی ئوردن و باس لە هەماهەنگی و هاوکاریی بەردەوام لەپێناو شەڕی تیرۆر و توندڕۆیی و، ڕیشەکێشکردنی تیرۆریستان کراوە، ئوردن و کوردستان هەردوولا بەشدارن لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی شەڕی دژی تیرۆر، هەموو لایەکیش ئەوە باش دەزانن کەوا سەرۆك مسعود بارزانی وەك پێشمەرگەیەکی خاوەن ئەزموون رۆڵێکی کارای بینی لە شەڕی دژی تیرۆریستان، بوێری و لێهاتوویی و شارەزایی سەرۆك بارزانی و گیانفیدایی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆیە بەشێك لەو دیدارانەی سەرۆك بارزانی پەیوەست بووە بەوەی کەوا لە داهاتوودا چۆنن بتوانن هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

سەرۆك بارزانی کە بە خاوەن سیاسەتێکی حەکیمانە و وردبینانە و دووربینانە و خاوەن ئەزموون ناسراوە، رۆڵێکی کارای دەبێت لەو گۆڕانگارییانەی کەوا لە ناوچەکەدا دێنە پێشەوە و روودەدەن، بۆیە راوێژپێکردن و گوێگرتن لە سەرۆك بارزانی سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکان و داڕشتنەوەی ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ ناوچەکە گرنگیی خۆی هەیە.

ئوردن لە ڕێی ئەو بانگهێشتە فەرمییە و ئەو پێشوازیکردنەی لە سەرۆك بارزانی پەیامێکی بە هەموو لایەك دا، کەوا بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆك مسعود بارزانی-یە و سەرۆك بارزانی وەك هەمیشە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ناوچەکەدا رۆڵی کاریگەری خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە راوێژی لەگەڵدا بکرێت و بیروڕاکانی بە هەند وەربگیرێن.

کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆتە جێی بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەو پێشڤەچوونانە بە هەند وەربگرن و رەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن و هەنگاوی خێرا بنێن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان، هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگە لەسەر ئاستی ناوچەیەیی و نێودەوڵەتی بە بایەخ و گرنگییەوە سەیرمان بکەن و لە ناوخۆش ناتەبابین، بۆیە ئەرکە لەسەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کەوا بە خۆماندا بچینەوە و رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بکەین و بەیەکەوە هەوڵی پێشڤەبردنی کوردستان بدەین و هاوکار و پشتیوانی سەرۆك مسعود بارزانی بین بۆ گەیشتن بە کەنارێکی ئارام و دواڕۆژێکی گەش.

**رۆڵی سەرۆک بارزانی نەک تەنیا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەکەشدا بۆ پاراستن و چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی زۆر گرنگە، بۆیە ئوردن بە گرنگی دەزانێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سوود لە پێگەو رۆڵی سەرۆک بارزانی وەربگرێت**

**بوێری و لێهاتوویی و شارەزایی سەرۆک بارزانی و گیانفیدایی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی داعشیان تێکشکاند، بۆیە بەشێک لەو دیدارانەی سەرۆک بارزانی پەیوەست بووە بەوەی کەوا لە داهاتوودا چۆنن بتوانن هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر**

**ئوردن لە رێی ئەو بانگهێشتە فەرمییە و ئەو پێشوازیکردنەی لە سەرۆک بارزانی پەیامێکی بە هەموو لایەک دا، کەوا بڕیاری گەلی کوردستان لای سەرۆک مسعود بارزانی-یە و سەرۆک بارزانی وەک هەمیشە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ناوچەکەدا رۆڵی کاریگەری خۆی دەبێت، بۆیە پێویستە راوێژی لەگەڵدا بکرێت و بیروڕاکانی بە هەند وەربگیرێن**



**دڵشاد میران**
سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ڕووبەڕووی فشار بۆتەوە و دەبێت بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکات

**ئاشکرایە کە دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی و هەڵگرتنی چەند هەنگاوێك لەلایەن ئەم حکومەتەوە بۆ هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، لە ئێستادا هەست دەکرێت دژەجووڵەیەك دروست بووە بۆ دروستکردنی دژواری و فشار لەسەر ئەم حکومەتە، ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ سیاسەتمەدار دڵشاد میران، کە پێشتر چەند پۆستی گرنگی وەك: وەزیر لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەغدا و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە ئەوروپا هەبووە.**

*** لەگەڵ ئەوەی هێشتا حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی تەواوی وەزارەتەکانی پێکنەهاتووە، بەڵام هەوڵێك هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی، لەم هەڵسەنگاندنەش وا بەدیار دەکەوێت کە لە ئەدای حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی رازی نەبن، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەدای ئەو حکومەتە چۆنە؟**

- هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری حکومەتەکەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی لەماوەی شەش مانگی تەمەنیدا کارێکی ئاسان نییە و زەحمەتە، چ بە هۆی ئەو ماوە کورتە، چ بەهۆی خراپیی بارودۆخی حکومەتی عێراق لە ماوەی ١٦ ساڵی رابردوودا، هەربۆیە لە بۆچوون و پێشبینی کەسدا نییە لەو ماوە کورتەدا ئەم حکومەتە بتوانێت بە چارەسەرێکی سیحری بگات و سەرجەم ئەو بارودۆخە خراپە چاك بکاتەوە و هەموو کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات. راستە کەسایەتیی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی کاریگەریی هەبووە، کە من خۆم بە شەخسی لە نزیکەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردووە و دەیناسم کە خاوەنی کەسایەتییەکی ئارام و میانڕەوە، کە تا رادەیەك بووە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و گەیشتن بە جۆرێك لە لێکتێگەیشتنی هاوبەش. ئومێدەوارم هەنگاو بەهەنگاو سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێم و عێراق لە ماوەی حوکمڕانیی عادل عەبدولمەهدی بەرەو چارەسەر بچێت. ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بێت بە بارودۆخی گشتیی عێراقەوە لە سەروەختی پێکهێنانی حکومەتی مەرکەزیدا، ئەوا ئاشکرایە کە هەلومەرجەکە ئاڵۆز بوو، دۆخەکە تێکەڵ و پێکەڵ ببوو، ململانێی توند لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا لەلایەك و لەناوخۆی حزبە سیاسییەکانیش لە لایەکی دیکەوە بوونی هەبوو، ئەم ململانێیە بە شێوەیەك قووڵ بۆوە، کە زۆر زەحمەت بوو ئەو کات لایەنە سیاسییەکان لەسەر کەسایەتییەك بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق رێکبکەون، هۆکاری ئەم تێکچوون و ئاڵۆزییە ئەوە بوو، هەمووان لەسەر کەسایەتییەك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هاوهەڵوێست نەبوون، چ رەوتی سەدر – هاوپەیمانی چاکسازی- بێت، یان رەوتی فەتح- هاوپەیمانی بینا-، بۆیە هەردوولایان وەك رێگاچارەیەکی ماومناوەند لەسەر دکتۆر عادل عەبدولمەهدی رێککەوتن. ئەگەر لە ئەدای ئەم حکومەتەش بڕوانین لە ماوەی رابردوودا، ئەوا ئەم حکومەتە تا ئێستا

**زۆرێک لەو شیعەکانەی لە ئێرانەوە نزیکن، بانگەشەی ئەوە دەکەن حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هیچی نەکردووە، لەولاشەوە حەیدەر عەبادی لە راگەیاندنەکانەوە دەستی بەم هەڵمەتە کردووە و بگرە وەکو خۆدەرخستنێک خۆی نمایش دەکات، کە گوایە ئەم بەدیلی عادل عەبدولمەهدییە**

**پێویستە عادل عەبدولمەهدی هەندێک ئیجرائاتی جددی بگرێتەبەر بۆ راگرتنی هاوسەنگیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر یەکە لە ئەمریکا و ئێران، بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتەش پێویستی بەوەیە کە لەناو هێزە سیاسییەکانی عێراقدا پشتیوانی لێ بکرێت**

**لە سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ ئێران لەلایەن رابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێی راگەیەندرا: پێویستە بە زووترین کات ئەمریکییەکان لە عێراق دەربکەن. کە ئەمە ئیحراجییەکە بۆ سەرۆک وەزیران و دەوڵەتی عێراق، هەروەکو چۆن لە پەرلەمانی عێراقیشەوە هەوڵی ئیحراجکردنی سەرۆک وەزیران دەدرێت**


**رۆڵی کورد بۆ پشتگیریکردنی عادل عەبدولمەهدی زۆر گرنگە، هەم بۆ بەرژەوەندیی خۆمان، هەم بۆ بەرژەوەندیی گشتیی عێراقیش، چونکە ئەگەر عێراق بکەوێتە ناو گێژاوێکی سیاسیی سەخت، کاریگەریی خراپی لەسەر بارودۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە و کوردیش دەبێت**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان کێشەی بڕیاردانی هەیە، ناکۆکی و راوبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر کاندیدەکانیان بۆ وەزارەتەکان، تەنانەت وەزارەت هەیە شەش کاندیدیان بۆ داناوە کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی لایەن و باڵێکن، ئەمە کارو پرۆسەکەی زەحمەت و قورستر کردووە**

هەنگاوی باشی هەڵگرتووە لە ئاست کورددا و بەتایبەتی لە پەیوەندی بە پرسی داراییەوە، کە ئەمە مافێکی خەڵکی کوردستانە، مەبەستم لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچەیە، تا ئەو کاتەی رێککەوتنێکی سەرتاسەری و کۆتایی دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە جۆرە لێکتێگەیشتنێك هەیە لە بواری دۆسیێی نەوت. بەڵام دۆخی عێراقیش بێ کێشەو گرفت نییە و ئێستاش ئەوەی دژی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەکرێت، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، وەك دۆخی سیاسیی ناوخۆی عێراق و دۆخە ئیقلیمییەکە، هەروەها بوونی ئەو ململانێیەی نێوان ئەمریکا و ئێران، کە ئەمە کاردانەوەی زۆری لە ناو عێراقدا هەیە، بۆ نموونە: زۆرێك لەو شیعەکانەی لە ئێرانەوە نزیکن، بەتایبەتی حەشدی شەعبی دەمێکە نارەزایەتی خۆیان بە ئاشکرا نا، بەڵام بە کردەوە دەستپێکردووە، تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکەن حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی هیچی نەکردووە، لەولاشەوە حەیدەر عەبادی لە راگەیاندنەکانەوە دەستی بەم هەڵمەتە کردووە و بگرە وەکو خۆدەرخستنێك خۆی نمایش دەکات، کە گوایە ئەم بەدیلی عادل عەبدولمەهدییە. لەلایەکی دیکەوە باس لە هەوڵی دروستکردنی هەرێمی بەسرە دەکرێت، کە هەموو ئەمانە فشارێکن بۆ سەر حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی. بەتایبەتی من پێموایە داواکاریی بە هەرێمبوونی بەسرە لەم کاتەدا زیاتر بۆ فشار دروستکردنە و دەستێکی دەرەکی لە پشتە، چونکە راستە لە رووی دەستورییەوە مافێکی رەوایە کە هەر پارێزگایەك، یان زیاتر، هەرێمێك پێکبهێنن، ئێمەی کوردیش لەگەڵ ئەوەداین عێراق لە رووی کردارییەوە ببێتە فیدراڵی، بەڵام ئێمە دەزانین ماوەیەکی زۆرە دۆخی ئابووری و خزمەتگوزاری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیی شاری بەسرە خراپە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئێستا بەم جددییەتەوە ئەم پرسە دەورووژێندرێت؟

*** هەندێك لە لایەنە سیاسییەکانی ناو شیعە و تا رادەیەك سوننەش وا هەست دەکەن لە پێکهێنانی کابینەی ئەم جارەی حکومەتی عێراق شکستیان بەسەر هاتووە، بۆیە هەست بە جۆرێك لە جووڵە دەکرێت، کە هەندێك جار ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هەوڵێك هەیە بۆ دروستکردنی زۆرینەیەکی پەرلەمانی و گوشار خستنە سەر عادل عەبدولمەهدی، بۆ ئەوەی پەرلەمان متانەی لێ وەربگرێتەوە و کەسێکی دیکە بۆ نموونە (حەیدەر عەبادی) ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، ئایا تاچەند ئەم هەوڵانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە ناسەقامگیری بکەوێتەوە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق؟ ئەگەر ئەم ناسەقامگیرییە رووبداتەوە، ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە کوێ دەگات؟**

- حکومەتەکەی عادل عەبدلومەهدی لە دۆخێکدایە کە دەبێت بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکات. ئەوەتا دەبینین لە ناو پەرلەمانی عێراق هەوڵ هەیە و باسی ئەوە دەکرێت، یاسایەك دەربچێت بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەربکەن، لەلایەکی دیکەوە ئێرانیش واخۆی دەخاتەڕوو کە دەستڕۆیشتووە لە عێراقدا، تەنانەت لە سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ ئێران لەلایەن رابەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێی راگەیەندرا: پێویستە بە زووترین کات ئەمریکییەکان لە عێراق دەربکەن. کە ئەمە ئیحراجییەکە بۆ سەرۆك وەزیران و دەوڵەتی عێراق، هەروەکو چۆن لە پەرلەمانی عێراقیشەوە هەوڵی ئیحراجکردنی سەرۆك وەزیران دەدرێت و بە ئاشکرا هەڕەشە دەکرێت بەوەی یاسایەك دەربکەن بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. کەواتە لە ئێستادا دۆخێك دروست بووە کە عادل عەبدولمەهدی و حکومەتەکەی هەوڵ دەدات دارەکە لەناوەڕاستەوە بگرێت، بەڵام ئەم هەڵوێستە بۆ سەرۆك وەزیران و حکومەتی عێراق ناچێتەسەر، لەبەر ئەوەی لە تاران قسەیەك دەکەن و لە واشنتون قسەیەکی دیکە، ئەمەش بۆ کەس ناچێتەسەر، هەربۆیە پێویستە عادل عەبدولمەهدی هەندێك ئیجرائاتی جددی بگرێتەبەر بۆ راگرتنی هاوسەنگیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر یەکە لە ئەمریکا و ئێران، بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتەش پێویستی بەوەیە کە لەناو هێزە سیاسییەکانی عێراقدا پشتیوانی لێ بکرێت. لەم روانگەیەوە رۆڵی کورد بۆ پشتگیریکردنی عادل عەبدولمەهدی زۆر گرنگە، هەم بۆ بەرژەوەندیی خۆمان، هەم



بۆ بەرژەوەندیی گشتیی عێراقیش، چونکە ئەگەر عێراق بکەوێتە ناو گێژاوێکی سیاسیی سەخت، کاریگەریی خراپی لەسەر بارودۆخی گشتیی عێراق و ناوچەکە و کوردیش دەبێت.

*** هەندێك لە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، پێویستیان بەوەیە کە لە ڕێگەی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ وتووێژکردن لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن، بەڵام پرسی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم هەتا ئێستا ڕوون و ئاشکرا نییە و نازانرێت کەی بە تەواوەتی ئەم کابینەیە پێکدەهێنرێت، ئایا دواخستنی پێکهێنانی کابینەی تازە بەشێك لە گەمەی کات بە سەربردن نییە لەلایەن لایەنە کوردستانییەکانەوە بۆ ئەوەی بزانن ئەو جووڵە دژەی دژ بە پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا هەیە، دەگاتە کوێ؟**

- هەموومان دەزانین هۆکارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە، ئێمە دەزانین یەکێتی نیشتمانی کوردستان کێشەی بڕیاردانی هەیە، ناکۆکی و ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر کاندیدەکانیان بۆ وەزارەتەکان، تەنانەت وەزارەت هەیە شەش کاندیدیان بۆ داناوە کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی لایەن و باڵێکن، ئەمە کارو پرۆسەکەی زەحمەت و قورستر کردووە. من لەگەڵ ئەوەدام کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر زوو پێکبهێنرێت و چیتر دوانەخرێت، چونکە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەبێت دەست بە دانوستانەکان و گفتوگۆکان بکات لەگەڵ بەغدا تاوەکو کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەر بکات، بەتایبەتی کێشەو گرفتە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کەرکووك و دۆسێی نەوت و پێشمەرگە کە پێویستیان بە گفتوگۆو دانوستانی جددی هەیە، ئێستاش باشترین هەلە بۆ هەموومان کە عادل عەبدولمەهدی لەسەر

**حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان دەبێت دەست بە دانوستانەکان و گفتوگۆکان بکات لەگەڵ بەغدا تاوەکو کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێم و عێراق چارەسەر بکات، بەتایبەتی کێشەو گرفتە درێژخایەنەکانی تایبەت بە کەرکووك و دۆسێی نەوت و پێشمەرگە کە پێویستیان بە گفتوگۆو دانوستانی جددی هەیە**

حوکمە، ئەم کەسایەتییە میانڕەوە و دەتوانرێت دانوستان و لێکتێگەیشتنی لەگەڵ بکرێت.

*** لە ئێستادا مەترسی و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش یەکێکە لەو مەسەلانەی دیکە کە هەڕەشە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکات، ئایا تاچەند ئەو هەوڵانەی بۆ دژایەتی حکومەتی عێراق لەئارادایە، دەبێتە فاکتەرێکی لەبار بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوە و سەرهەڵدانەوەی داعش؟**

- ئاشکرایە کە ژینگەی سیاسی و ئابووری و ئەمنیی ناسەقامگیر کەشێکی لەبارە بۆ گەشەکردن و تەشەنەکردنی گرووپە توندڕەوەکان. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان هەمان ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش لە هەندێ ناوچەی سوننەنشیندا لە ئارادا ماون، وەك خراپیی باری خزمەتگوزاری و گەندەڵی و هەڵسوکەوت و مامەڵەی خراپ لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچانە، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بەوەی کە ڕەنگە ڕێکخراوی دیکەی توندڕەو سەرهەڵبداتەوە کە مەرج نییە بە هەمان شێوەی داعش بن. ئەمە وێڕای ئەو ململانێ سیاسییەی لەنێوان وڵاتانی ئیقلیمیدا هەیە، کە ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر دۆخی ناوخۆیی عێراق و تێکی دەدات. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە ڕەنگە هەندێ لایەن هەبن لە عێراقدا کە بەرژەوەندیی عێراق نەخەنە سەرووی بەرژەوەندییەکانی دیکەوە، ئەمە روونە و هەندێ لایەن هەن زۆر بە ئاشکرا بەرگری لە وڵاتێکی دراوسێ دەکەن لەسەر حیسابی عێراق، واتە ئەوان سەرقاڵی ململانێی نێوان خۆیانن و پرسە گەورەکانیان لە بیر چۆتەوە، بۆیە بە دووری نازانم بارودۆخەکە بەرەو نائارامی تەشەنە بکات.

*** پەرەسەندنێکی دیکەی ئەم دواییەی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق پەیوەستە بە هەوڵەکانی لێکنزیکردنەوەی هەردوو هاوپەیمانیی چاکسازی بە رابەرایەتی موقتەدا سەدر و هاوپەیمانیی بینا بە سەرکردایەتی هادی عامری، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ماوەیەك پێش ئێستا بە دەستپێشخەریی ئێران موقتەدا سەدر کە سەرکردەی هاوپەیمانی چاکسازییە نزیکبوونەوەیەکی دەستپێکرد لەگەڵ کوتلەی هادی عامری کە سەرکردەی هاوپەیمانیی بینایە، تاوەکو بەرەیەکی بەهێز دروست بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو دوو کوتلەیە چەندین کۆبوونەوەیان لە بەیروت ئەنجام دا، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێك. بەڵکو دەتوانم بڵێم لە یەکتر دوورن، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی ئەو وەزارەتانەی کەماون ڕێککەوتنی کۆتاییان نەکردووە. ئەمەش هەوڵێکە دەدرێت لەلایەن ئێرانەوە بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی عێراق لەیەکتر نزیك بکاتەوە کە ببێتە فشار بۆسەر عادل عەبدولمەهدی و ئێرانیش پێگەی خۆی لەناو عێراقدا بەهێزتر بکات، بەتایبەتی بەرامبەر بڕیار و هەڵوێستەکانی ئەمریکا لە دژی ئێران. من لێرەدا دووبارە دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران لەناو عێراقدا نەکات، ئەوا بە راستی عێراق تووشی زیانێکی زۆر گەورە دەبێت. هەرچەندە راستە ئێران دەستڕۆیشتووە و دەسەڵاتی زۆرە لە عێراقدا، بەڵام ئەمریکا ئابووریی عێراقی بەدەستە، واتە دەبێت ئەگەری ئەوە لەبەرچاو بگرین کە رۆژێك دۆناڵد ترەمپ بڕیارێك بدات و سزا بخاتە سەر عێراق، کە ئێمەش دەزانین نەوتی عێراق بەستراوەتەوە بە دۆلاری ئەمریکی و پارەی یەدەگی عێراقی هەر هەمووی لە ئەمریکایە و هەموو سەنەداتی دارایی عێراقیش بەدەستی ئەمریکایە. ئەگەر کارێك کرا کە نرخی نەوت دابەزێت، هەروەك ئەوەی کە هەموومان بینیمان لە ماوەیەکی کەمدا نرخی نەوت لە سەرووی ١٠٠ دۆلارەوە بۆ خوار ٢٥ دۆلار دابەزی، کە ئەمەش زیاتر بۆ دژایەتیکردنی ئێران و رووسیا بوو، کە کاریگەریی خراپی لەسەر لایەنی ئابووری و سەقامگیریی عێراق دروست کرد، یان وڵاتێکی وەکو سعودیە بڕیار بدات بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکات و نرخی نەوت کەم ببێتەوە، دەبێت ئەو کات عێراق چی بکات؟ هەربۆیە دەبێت عێراق زۆر ئاگاداری خۆی بێت و حکومەتی عادل عەبدولمەهدی زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات.

**ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش لە هەندێ ناوچەی سوننەنشیندا لە ئارادا ماون، وەک خراپیی باری خزمەتگوزاری و گەندەڵی و هەڵسوکەوت و مامەڵەی خراپ لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچانە، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بەوەی کە ڕەنگە ڕێکخراوی دیکەی توندڕەو سەرهەڵبداتەوە کە مەرج نییە بە هەمان شێوەی داعش بن**

**ئەگەر حکومەتی عێراق بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران لەناو عێراقدا نەکات، عێراق تووشی زیانێکی زۆر گەورە دەبێت. هەرچەندە راستە ئێران دەستڕۆیشتووە و دەسەڵاتی زۆرە لە عێراقدا، بەڵام ئەمریکا ئابووریی عێراقی بەدەستە**

**دەبێت ئەگەری ئەوە لەبەرچاو بگرین کە رۆژێک دۆناڵد ترەمپ بڕیارێک بدات و سزا بخاتە سەر عێراق، کە ئێمەش دەزانین نەوتی عێراق بەستراوەتەوە بە دۆلاری ئەمریکی و پارەی یەدەگی عێراقی هەر هەمووی لە ئەمریکایە و هەموو سەنەداتی دارایی عێراقیش بەدەستی ئەمریکایە**



**د.عەبدولحەکیم خەسرەو**

**مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین بۆ گوڵان:**

# تا ئێستا فاکتەرەکانی سەرکەوتنی حکومەتەکی عادل عەبدولمەهدی لە فاکتەرەکانی شسکتهێنانی زیاترن

**نکۆڵی ناکرێت لەو راستییەی کە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق پرۆسەیەکی ئاسان نەبوو، ئێستاش ئەو حکومەتە رووبەڕووی چەندین تەحەددی و دژواری بۆتەوە، هەم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلمی و هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بۆ شرۆڤەکردن و تیشکخستنەسەر ئەم پرسانە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی د. عەبدولحەکیم خەسرەو مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین کرد.**

*** وەك ئەكادیمی و چاودێرێكی سیاسی خوێندنەوەت بۆ پرۆسەی سیاسی و ئەدای حكومەتی ئێستای عادل عەبدولمەهدی چییە؟ ئایا ئەم حكومەتە توانیویەتی رێگەیەكی راست بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق بگرێتەبەر؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی کەسێکی تەوافوقییە و تایبەتمەندییەکانی ئەم کەسایەتییە لەوەدایە کە لە هەموو کوتلە سیاسییەکان نزیکە، هەروەها لەگەڵ ئەو لایەنانەی کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە، ئیدی ئەمریکا بێت، یان ئێران، یان وڵاتانی ئیقلیمی. گرنگ ئەوەیە کە دەتوانێت ئەم تەوافوقە و ئەم جۆرە پەیوەندییە دروست بکات. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە سەرۆك وەزیران لە ناو پەرلەمانیشدا پشتگیری دەکرێت، لەبەر ئەوەی هێزە سیاسییەکانی عێراق بە هەموویانەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بیگرە تا حزبی دەعوا پێویستیان بە چوار ساڵ ئارامی هەیە، تا لەو چوار ساڵەدا پرۆسەی گەشەپێدان و سەقامگیری هەبێت و ژێرخانی ئابووری بونیات بنرێتەوە، بەتایبەتی دوای بەرزبوونەوەی سەقفی داواکاریی شەقام کە بەئاشکرا لە سۆشیال میدیا و راگەیاندنەکان دەورووژێندرێت، تا ئەو ئاستەی کە بوونە هۆی کەمبوونەوەی متمانەی شەقام بە هێز و کەسایەتییە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکان. هەر بۆیە دەبێت زۆر بە خێرایی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەك ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و خزمەتەکانی شارەوانی بۆ خەڵکی دابین بکرێت. هەروەها ئەوەی مایەی خۆشبەختییە لە ئێستادا ئەوەیە کە سەقامگیریی عێراق لە بەرژەوەندیی ئێراندایە، بەتایبەتی دوای ئەو گەمارۆ و سزایانەی لەلایەن ئەمریکاوە بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێندراوە، چونکە عێراق و ئێران کۆمەڵێك رێککەوتن لەنێوانیاندا واژوو کراوە و سەقامگیری لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو رێککەوتنانە جێبەجێ بکرێن. هەروەها ئەمریکاش مەبەستێتی ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی داعش نەمێنێن و جۆرێك لە بووژانەوەی ئابووری دروست ببێت، بەمشێوەیە سیاسەتی عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ فاکتەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکاندا دەگونجێت. سەبارەت بە سیاسەتەکانیشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەوا کرانەوەیەکی پێوە دیارە. ئەوەی دەمێنێتەوە ململانێ سیاسییەکانە بە هۆی ئەو جیاوازییەی لە نێوان کوتلە سیاسییەکان لەسەر پۆست و پلە هەیە، کە ئەمەش ئیحراجییەکی گەورەی بۆ دکتۆر عادل عەبدولمەهدی دروست کردووە، وەك یەکلانەکردنەوەی پۆستی داد لەنێوان پارتی و یەکێتی دا، یان رێکنەکەوتنی نێوان هەردوو کوتلەی ئیسلاح و بینا بۆ پۆستە ئەمنی و سەربازییەکان، ئەگەرچی وردەوردە جۆرێك لە تێگەیشتن لەنێوان ئەم هێزو لایەنانەدا دروست بووە، بەڵام لەو لاشەوە ئەم لێکنزیکبوونەوەو تێگەیشتنانە هاوکاتە لەگەڵ ئەو کەموکورتییانەی لەبواری کارەباو ئاو و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و گەندەڵی و کەموکورتی ئیدارییانەی کە هەیە و لە ناو ئەو شاڵاوەی سۆشیال میدیا و راگەیاندنەکاندا رەنگدانەوەی گەورەی لێکەوتۆتەوە، کە دەکرێت نەیارانی عادل عەبدولمەهدی سوودی لێوەربگرن

**لە ئێستادا سەقامگیریی عێراق لە بەرژەوەندیی ئێراندایە، بەتایبەتی دوای ئەو گەمارۆ و سزایانەی لەلایەن ئەمریکاوە بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێندراوە**

**ئەمریکا مەبەستێتی ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی داعش نەمێنێنن و جۆرێک لە بووژانەوەی ئابووری دروست ببێت، بەمشێوەیە سیاسەتی عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ فاکتەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکاندا دەگونجێت**

و بەشێوازی جۆراوجۆر گەورەی بکەنەوەو بیورووژێنن لەوانە:

١. تەواونەبوونی کابینە وەزارییەکەی؛ ئەمەش هۆکارەکەی بۆ خودی عادل عەبدولمەهدی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ناکۆکیی نێوان هێزەکان دەگەڕێتەوە.

٢. بەو پێیەی ئەم حکومەتە حکومەتی دوای شەڕە؛ هەر بۆیە شەڕەکە وێرانی و خراپی بەجێهێشتووە و وڵات قەرزارییەکی زۆری لەسەر کەڵەکە بووە، ئەمەش کارەکانی حکومەتی زۆر قورس کردووە، شوێنەوارەکانی ئەو شەڕەش کاریگەریی لەسەر ئەدای حکومەت هەیە.

٣. گەندەڵییەکی گەورە لە عێراقدا هەیە لە لوتکەی دەسەڵات و لە پلەی وەزیرەوە تا ئاستی خوارەوەی ئیدارە و پەیکەری حکومەتی گرتوەتەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر حکومەت دروست کردووە، هەروەها زیادەڕۆیی لەسەر موڵك و ماڵی دەوڵەت و دزینی نەوت بە شێوەیەکی بەربڵاو بوونی هەیە.

لە ئەنجامدا ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندنەکان جەخت لەسەر ئەو خاڵانە دەکەنەوە. بەتایبەتی لەلایەن توندڕەوەکان و شۆڤێنییەکانەوە، ئەوانەی پێیان وایە حەیدەر عەبادی لەناوچە جێناکۆکەکان دەستکەوتی بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا ڕاست پێچەوانەیە، چونکە عەبادی برینێکی قووڵی لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی عێراق دروست کرد، دوای ئەوەی سیاسەتی هەڵەی بەرامبەر کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان جێبەجێ کرد. تەنانەت عادل عەبدولمەهدی بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بەرامبەر کورد و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بودجە نەرمێتی نواندووە، هەر بۆیە هەوڵێك هەیە لە کەسایەتی عادل عەبدولمەهدی بدرێت و بۆچوونێکی وا هەیە، کە سەرۆك وەزیران نەتوانێت ماوەی حوکمەکەی تەواو بکات. هەرچۆنێك بێت، بەڕێز عادل عەبدولمەهدی ئیدارەی کۆمەڵێك فاکتەری جیاجیای لە یەك کاتدا کردووە، لەوانە تەحەدای پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئێراندا، یان تەحەدای دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، بەمەش عادل عەبدولمەهدی توانیوێتی جۆرێك لە ئیدارەی هەڵوێستەکان بکات، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی ئەو ڕەوتەی کە دەڵێت دەبێت یاسایەك دەربکرێت کە هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق دەربکرێن، عادل عەبدولمەهدی وەکو سیاسەتمەدارو ئابووریناس لە سەرەتای پرۆسەکەوە تا ئێستا دەزانێت بڕیارێکی لەمجۆرە دەربچێت، چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و عێراق دەبێت، بۆیە تائێستا ئەم سەرۆك وەزیرانە توانیویەتی ئیدارەی حکومەت و بارودۆخەکە بەگشتی بکات، واتا کێرڤی سەرکەوتنی سیاسەتەکانی عادل عەبدولمەهدی لە کێرڤی فاکتەرەکانی شکست زیاترە، بەڵام تەحەددیی گەورەشی لە پێشە.

*** ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی ڕێککەوتنێکی مەبدەئی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نەوت و گاز و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا، ئایا تا چەند ئەم ڕێککەوتنە مەبدەئییە بۆ کوردستان و عێراق گرنگە؟ ئایا ئەم ڕێککەوتنە بۆتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەقامگیری و هاوسەنگی لە نێوان هەرێم و بەغدا؟**

- عادل عەبدولمەهدی وەکو بیروباوەڕو پرەنسیپ ئەوەی داناوە کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هەرێمدا نەباتە ئاستێکی زۆر خراپ، هەموو کات هەوڵی چارەسەری کێشەکانی داوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەو تاکە کەسێکە، واتە کۆمەڵێك هێزی سیاسی هەن کە چاودێریی سیاسەتەکانی دەکەن. بۆ نموونە لە بابەتی نەوت و غاز ئێمە دوو پرۆسەمان هەیە، پرۆسەیەکیان لە پەرلەمانە و لە ڕووی یاساییەوە بودجەی داناوە و پرۆسەیەکیشیان لە دادگای فیدراڵە، کە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هەیە، چ لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٠ی یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٩ و چ لە سەر ڕێککەوتن لە سەر پرۆژەی یاسای نەوت و غاز لە عێراق کە تا ئێستا ئەم یاسایە دانەنراوە، لە هەمان کاتیشدا پرسی ئەوە هەیە، ئایا تا چەند ئەم ڕێککەوتن و پەیوەندییەی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا -لە چوارچێوەی تەشریعیدا-

**گەندەڵییەکی گەورە لە عێراقدا هەیە لە لوتکەی دەسەڵات و لە پلەی وەزیرەوە تا ئاستی خوارەوەی ئیدارە و پەیکەری حکومەتی گرتوەتەوە و کاریگەریی خراپی لەسەر حکومەت دروست کردووە**

**عەبادی برینێکی قووڵی لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی عێراق دروست کرد، دوای ئەوەی سیاسەتی هەڵەی بەرامبەر کەرکووك و ناوچە جێناکۆکەکان جێبەجێ کرد**

**عادل عەبدولمەهدی بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە بەرامبەر کورد و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بودجە نەرمێتی نواندووە، هەر بۆیە هەوڵێك هەیە لە کەسایەتی عادل عەبدولمەهدی بدرێت**

**عادل عەبدولمەهدی ئیدارەی کۆمەڵێك فاکتەری جیاجیای لە یەك کاتدا کردووە، لەوانە تەحەدای پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئێراندا، یان تەحەدای دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، بەمەش توانیویتی جۆرێك لە ئیدارەی هەڵوێستەکان بکات**

**سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان جەنابی سەرۆک بارزانی گوتی: بوونی عادل عەبدلمەهدی لە حکومەتی عێراقدا فرسەتێکە دووبارە نابێتەوە. ئەمە پەیامێکە بۆ هەموو لایەک گرنگە**

**یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم عادل عەبدولمەهدی دواخستنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەو دەیەوێت لەگەڵ حکومەتی ئێستا تەنیا ئیدارەدانی مەلەفەکان بکات، بەڵام لەگەڵ حکومەتی نوێ ڕێکبکەوێت**

**زۆر ئاسایی و یاساییە پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت و پێکەوە بە هاوبەشی جارێکی دیکە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان هێمنی و ئارامیی ناوچەکان بپارێزن**

کاریگەریی دەبێت لەسەر پرۆسەی دادگاییەکە، کە ئێستا دۆسییەکە لە دادگای فیدراڵە، کە بوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان هەرێم و عادل عەبدولمەهدی وایکردووە چەندین جار کەیسەکە دوابخەن، بە بیانووی ئەوەی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق بزانرێت. هەروەها یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم عادل عەبدولمەهدی دواخستنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چونکە ئەو دەیەوێت لەگەڵ حکومەتی ئێستا تەنیا ئیدارەدانی مەلەفەکان بکات، بەڵام لەگەڵ حکومەتی نوێ ڕێکبکەوێت، بەتایبەتی لەسەر سیاسەتی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سێ چوار ساڵی ئاینده، دید و بۆچوونی عادل عەبدولمەهدی لەسەر سیاسەتی نەوت بەشێکی قابیلی گفتوگۆیە، بۆ نموونە: بەپێی چەند وتارێك کە خۆی نووسیوێتی لەسەر پرسی نەوت و یەکلاکردنەوەی مەلەفی دادگای فیدراڵی لەسەر ئەم کەیسە باسی ئەوەی کردووە کە ((کێشە نییە کێ نەوت دەفرۆشێت، سۆمۆ، یان هەرێمی کوردستان، یان هەر کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەم فرۆشتنە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی نەوتی عێراقدا بێت، چونکە ئەم سیاسەتە گشتییە لەگەڵ ئۆپێك و لایەنە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە سیاسەتی نەوت بەپێی کۆمەڵێك ڕێککەوتن کراوە، چونکە ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق هەیە بۆ سیاسەتی فرۆشتنی نەوت، کە دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی فیدراڵی بێت. ئێمە دەتوانین سوود لەسەر ئەم بیروبۆچوونەی ئەم کەسایەتییە وەربگرین، کە یەکێك نییە لەوانەی لە پرسی سەروەریی زۆر توندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی گشتیی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە یەکێك لە دەرەوە سەیری دەکات، هەست بەوە بکات ئەمە سیاسەتێکی نێودەوڵەتیی گشتی هەیە، لەناوخۆدا بە جیا دەتوانن ڕێککەوتن و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەهۆی ئەم بیرۆکەیەوە لە تواناادا هەیە جۆرە لێکتێگەیشتنێکمان لەسەر ئەم پرسە لەنێواندا هەبێت.

*** سەبارەت بەکێشەی ناوچە جێناکۆکەکان کە لەسەردەمی حەیدەر عەبادی زیاتر ئەم مەلەفە ئاڵۆز کرا، ئێستا چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- ناوچە جێناکۆکەکان پرسێکی هەستیارە و بە ڕێککەوتنی سیاسی چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە لیژنەی هونەری هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لە ئێستادا بمانەوێت کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، چونکە ماددەی ١٤٠ی دەستووریمان هەیە و لیژنەکان بوونیان هەیە و کۆمەڵێك ڕێککەوتن و ڕێکخستن بە سێ قۆڵی لەنێوان ئەمریکا و عێراق و کوردستان کراوە، لەو ڕێککەوتنانە بەشێکی پەیوەستن بەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێکە لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق، واتا زۆر ئاسایی و یاساییە پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت و پێکەوە بە هاوبەشی جارێکی دیکە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان هێمنی و ئارامیی ناوچەکان بپارێزن، لە ڕووی ئەمنیشەوە دامەزراوەکان لەو ناوچانەدا کاری خۆیان دەکەن، واتا دەتوانین بۆ ناوچە جێناکۆکەکان ڕێککەوتنی هونەریی لەسەر ئاستی ئەمنی و ئیداری و ئابووری بکەین. لێرەدا گرنگیی کورد لەوەدایە بە بوونی عادل عەبدولمەهدی دەتوانین ماددەی ١٤٠ کارا بکەینەوە کە تەنیا سێ ساڵمان لە بەردەستدایە، ئەویش ئەگەر پارتە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان سەرقاڵی ململانێی ناوخۆیی نەکەن و ئەم پرسە هەستیارە پشتگوێ نەخەن، کە من پێم وایە هەلێکی دیکەی وامان لەبەردەستدا نابێت، دەتوانین لەم سێ ساڵەدا هەموو سازشێك بکەین لە بوارەکانی دیکەدا لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە، چونکە مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان خاڵی ناکۆکی و لاوازی سەرەکیی نێوان ئێمە و بەغدایە، هەر سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان جەنابی سەرۆك بارزانی گوتی: بوونی عادل عەبدلمەهدی لە حکومەتی عێراقدا فرسەتێکە دووبارە نابێتەوە. ئەمە پەیامێکە بۆ سەرکردایەتیی پارتی و بۆ حزبەکانی دیکە و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنی ئێمە لە بەغدا و بۆ پەرلەمانی کوردستان و هەموو لایەك گرنگە، دەبێت هەر کەس و لایەنێك بەپێی بەرپرسیارێتی خۆی کار بکات،



بە شێوەیەك بتوانین لە ماوەی ئەم سێ چوار ساڵەی حوکمی عادل عەبدولمەهدی بۆ بەرژەوەندیی خۆمان سوودی لێوەربگرین و بتوانین کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین.

*** باس لەوە دەکرێت لەگەڵ هاتنی مانگی رەمەزان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەتایبەتی (ئاوی پاك و کارەبا) دووبارە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵك دەستپێدەکاتەوە و ئەو لایەنانەشی خۆیان بە دژی پرۆسە سیاسییەکە دەزانن لە هەوڵی ئەوەدان ئەم خۆپیشاندان و نارەزاییانە بۆ مەرامی خۆیان بقۆزنەوە، ئایا تاچەند مەزندەی ئەوە دەکرێت ئەم حاڵەتە لە عێراقدا روویدات؟**

- خۆی لە خۆیدا نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە شەقامی عێراقیدا دەستی پێ کردووە، بەتایبەتی کە حکومەتە خۆجێییەکان نەیانتوانیوە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دابین بکەن، ئەگەر تا سێ مانگی دیکە نەتوانرا مامەڵەیەکی دروستتر و سیاسەتێکی خێراتر لە ئیدارەدانی پرۆسەی خزمەتگوزارییەکان پەیرەو بکرێت و ئەم کێشانەی ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ و شەقام و تەندروستی چارەسەر نەکرێت، ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەم کێشانە لە هاوینی ئەمساڵدا ببێتە یەکێك لە گەورەترین کێشەکان، ئەو کاتە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەتواناییاندا نابێت کۆنترۆڵی جەماوەرەکەیان بکەن و دۆخەکەیان لەدەست دەردەچێت و هەڵچوون و نارەزایەتییەکانی شەقام دەگاتە ئاستێك تەنانەت ئەو سەرکردەو هێزانەی هانی جەماوەرەکەشیان داوە بۆ خۆپیشاندان نەتوانن کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن، ئەو کات بەشێك لە هێزە سیاسییەکان سواری شەپۆلەکە دەبن و بەشەکەی دیکە رۆڵی خۆپیشاندەر دەبینن، بەمەش قەیرانەکان قووڵتر دەبنەوە و دەگاتە ئاستی شەڕی ناوخۆیی، هەربۆیە گەورەترین تەحەددای عادل عەبدولمەهدی ئەوەیە نەهێڵێت نارەزایەتییەکانی شەقام لە کۆنترۆڵ دەربچێت، خۆ ئەگەر لە کۆنترۆڵیش دەرچوو، ئەوا نەگاتە شەڕی ناوخۆیی. بەڵام خۆشبەختانە ئیرادەیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی لەگەڵ ئەوەدان عێراق ئارامی بەخۆوە ببینێت، بۆ ئەوەی گەشەپێدان و سەقامگیری هەبێت، ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە.

**ناوچە جێناکۆکەکان پرسێکی هەستیارە و بە رێککەوتنی سیاسی چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بە لێژنەی هونەری هەیە**

**خۆشبەختانە ئیرادەیەکی سیاسیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی لەگەڵ ئەوەدان عێراق ئارامی بەخۆوە ببینێت، بۆ ئەوەی گەشەپێدان و سەقامگیری هەبێت، ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە**

# ئیسلامی سیاسی له نایجیریا

نایجیریا بە دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ئەفریقیا دادەنرێت، هەروەها بە گەورەترین دەوڵەتی ئەو کیشوەرە لە رووی ژمارەی دانیشتووان کە لە (١٩٠)ملیۆن تێپەڕدەکات، یەکێکیشە لە دو دەوڵەتانەی کە نەوت بەرهەم دێنن، لەگەڵ ئەوەشدا گەلەکەی لەوپەڕی هەژاری و بێکاری و تیرۆری مەترسیدارو گەندەڵیی ژێرخانی دەوڵەتدا دەژین، نایجیریا لە (٢٥٠) هۆز پێکدێت، بەڵام گەورەترینیان دوو هۆزن، (هۆسا) لە باکووری وڵات و زۆرینەیان موسڵمانن، هۆزی (ئیبۆ) لە باشوور کە کریستیانن، موسڵمانان ٦٠٪ی ژمارەی دانیشتووانی نایجیریان، بەڵام دیارە سازانێك لەنێوان باکوورو باشووردا هەیە بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە نێوانیاندا، پێش سەربەخۆیی نایجیریا لەساڵی ١٩٦٠دا کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا حوکمڕانی رەهای ئەو وڵاتە بوو، لەوەتەی سەربەخۆیی و تا دامەزراندنی کۆماری چوارەم لە ساڵی ١٩٩٩دا، ئەو وڵاتە بەهۆی کودتاگەلی سەربازییەوە سەقامگیر نەبووە، شەش کودەتای سەربازی لە نایجیریا روویانداوە، کە بوونەتەهۆی کاولکاری و بێسەروبەری و دواکەوتن و کۆچکردن و کوشتن و برسێتی و هەژاری و بێکاری، لەگەڵ ئەوەشی کە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتی، بەڵام نەفرەتی نەوتیان لێ کەوتووە، وەك چۆن لە عێراقیش بە هەمان شێوە، چونکە لە هەر



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

شوێنێك نەوت هەبێت کۆلۆنیالیزم لەوێیە، ئەو وڵاتە بۆ ماوەی (٢٨)ساڵ لەژێر حوکمڕانیی سەربازیدا بوو، یەکەم کۆماری نایجیریا لە ساڵی (١٩٦٠) دامەزراو تا ساڵی (١٩٦٦) بەردەوام بوو بە سەرۆکایەتیی بنجامین نمادی ئەزیکیوی کە لە ساڵی(١٩٦٣) تا ساڵی(١٩٦٦) حوکمی کرد، دواتر سوپا لە ساڵی (١٩٦٦) تا(١٩٧٩) حوکمڕانیی گرتەدەست، دوای ساڵێك لە حوکمڕانیی سوپا واتا لە (١٩٦٧) شەڕی ناوخۆ لەنێوان باکوورو باشوور هەڵگیرساو بۆ ماوەی سێ ساڵ واتا هەتا(١٩٧٠) بەردەوام بوو، ئەو کاتە باشوورییەکان کە کریستیانن داوای جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی فیدراڵی کرد، کۆماری (بیافرا Republic of Biafra)یان راگەیاند، بەڵام حکومەتی فیدراڵ ئەو حەزو ئامانجەیانی پووچەڵ کردەوە، شەڕوشۆڕ بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە یەك ملیۆن کەس، دواتر کۆماری دووەم لە نێوان (١٩٧٩ بۆ ١٩٨٣) دامەزرا، بەڵام ژەنەڕاڵ و سەرۆکی ئێستا (محەمەد بوخاری) کودەتایەکی سەربازی لە ساڵی(١٩٨٣) بەرپاکرد و تا ساڵی(١٩٨٥) بەردەوام بوو، دوای ئەو ژەنەڕاڵ ئیبراهیم بابانجیدا کودەتایەکی دژی محەمەد بوخاری ئەنجام دا، لە ساڵی (١٩٩٣) بڕیاری دا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بکرێت بۆ گۆڕینی حوکمی سەربازی بۆ مەدەنی، بەڵام پرۆسەکە شکستی هێنا. وەزیری بەرگری و

**نایجیریا بە دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ئەفریقیا دادەنرێت، هەروەها بە گەورەترین دەوڵەتی ئەو کیشوەرە لە رووی ژمارەی دانیشتووان کە لە (١٩٠) ملیۆن تێپەڕدەکات، یەکێکیشە لە دو دەوڵەتانەی کە نەوت بەرهەم دێنن، لەگەڵ ئەوەشدا گەلەکەی لەوپەڕی هەژاری و بێکاری و تیرۆری مەترسیدارو گەندەڵیی ژێرخانی دەوڵەتدا دەژین**

سەرۆکی سوپاسالاری نایجیریا ژەنەڕاڵ سانی ئەباچا لە ساڵی (١٩٩٣) کودەتایەکی سەربازی بەرپاکرد و بەڵێنی دا کە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردی دیموکراسی ئەنجام دەدات، بەڵام بەڵێنەکەی نەبردەسەرو لە (١٩٩٨)دا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو ژەنەڕاڵ عەبدولسەلام ئەبوبەکر دەسەڵاتی گرتەدەست و پابەندی بەڵێنەکە بوو، لە ساڵی (١٩٩٩) هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لە وڵات ئەنجامدرا، کە بەپێی چاودێرانی نێودەوڵەتی پاکترین هەڵبژاردن بوو لە مێژووی نایجیریادا، لەسەر ئەم بنەمایە کۆماری چوارەم دامەزراو دەسەڵات بوو بە مەدەنی، لەم هەڵبژاردنەدا ژەنەڕاڵی کریستیانی خانەنشین (ئۆلیسجیۆن ئۆباسانجۆ ) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، دواتر کابینەی دووەمی لە (٢٠٠٣) پێکهێنا، کەچی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٧)دا عومەر بارادوا سەرکەوت، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٠) گۆدلاك جۆناسان و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٥) دا موحەمەد بوخاری بردیانەوە، ئەوەی دوایی تائێستاش هەر حوکمڕانی نایجیریایە.

ئەم پێشەکییە کورتەم لە مێژووی سیاسیی نایجیریا خستەڕوو، تاکو بشێین لە ئیسلامی سیاسی و قۆناخەکانی پەرەسەندن بەتایبەتیش گرووپی بۆکۆحەرام تێبگەین. کاتێ گەندەڵیی ئیداری و سیاسی و هەژاری و برسێتی و بێکاری و توندوتیژی سەرهەڵدەن، گرووپگەلێکی توندڕەوەیش لەو ژینگانە سەرهەڵدەدەن، گرووپی بۆکۆ حەرام لەم ژینگەیە پەیدابوو، کە گرووپێکی توندڕەوی ئایینی و ئیسلامییە، ئەم ناوەش میدیاکاران لێیان نا، چونکە وشەی بۆکۆ حەرام Boko Haram بە زمانی هۆزی (هۆسا) بە واتای (کولتووری رۆژئاوا



حەرامە) و ناوی راستەقینەشی (گرووپی ئەهلی سوننە بۆ بانگخوازی و جیهاد)ە، کە سەر بە ولایەتی بۆرنۆی نایجیریایە لە باکووری وڵات کە زۆرینەیان موسڵمانن، ئەم ولایەتە بڕوایان بە مەهدەوی هەبوو، هەڕەشەش بوو بۆسەر بەرژەوەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، بۆیە بەریتانیا پشتگیریی خەلافەتی ئیسلامی دەکرد لە ولایەتی (سۆکۆتۆ) کە عوسمان فودی لە(١٨٠٤ بۆ ١٩٠٣) دایمەزراند، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی شەرعییەت لە ولایەتی برۆنۆ، ئەمە لە ساڵی ١٨٠٩ روویدا کاتێ سەرکردەکانی ولایەتی برۆنۆ لە وڵات وەدەرنران، کە زۆربەیان گەنج بوون، ئەم کارەش تووڕەیی لای ئەو گەنجانە زیادکردو رووبەڕووی پەراوێزخستن بوونەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو گەنجانە کەوتنە ژێر کاریگەریی فیکری جیهادیی سەرۆکە جیهادییەکان کە لە مێژوودا خەباتیان کردووە لە نایجیریا و نەیجەرو کامیرۆن، لەوانە: مایادیاکو لە سنگامبیا (١٨٦٧ کۆچی دوایی کردووە)، حاجی عومەر سەعید تەعل لە مالی (١٨٦٤ کۆچی دوایی کردووە)، عوسمان فودی (١٨١٧کۆچی دوایی کردووە)، ئەو سەرکردانە سەرچاوەی ئیلهامی گرووپی بۆکۆ حەرام بوون بۆ سەرهەڵدانی فیکری جیهادو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە نایجیریا.

### ● محەمەد یوسف دامەزرێنەری گرووپی بۆکۆ حەرام

لە هەشتاکاندا محەمەد یوسف ئەندام بوو لە رێکخراوی گرووپی ئیخوان موسلمین بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم زکزکی، بەڵام کاتێ محەمەد یوسف بۆی دەرکەوت کە زکزکی بە شۆڕشی ئێران کاریگەرەو مەیلی شیعەی ئێرانی هەیە، لێی جیابۆوە، هەروەها گرووپێکی دیکەش لە گرووپەکەی زکزکی جیابۆووە کە بە گرووپی نوێخوازیی ئیسلامی ناسرابوو، لە ساڵی ١٩٩٤دا محەمەد یوسف لە گرووپی ئەبوبەکر جومی سەرکردەی گرووپی نەهێشتنی بیدعە و دامەزراندنی سوننە نزیک بووەوە کە لە ساڵی ١٩٩٢ دایمەزراندبوو، ئەبوبەکر لە حەفتاکاندا گەورە دادوەری باکووری نایجیریا بوو، بەڵام محەمەد یوسف لەگەڵیدا نەمایەوە، چونکە مەیلی

**شەش کودەتای سەربازی لە نایجیریا روویانداوە، کە بوونەتەهۆی کاولکاری و بێسەروبەری و دواکەوتن و کۆچکردن و کوشتن و برسێتی و هەژاری و بێکاری**



**کاتێ گەندەڵیی ئیداری و سیاسی و هەژاری و برسێتی و بێکاری و توندوتیژی سەرهەڵدەن، گرووپگەلێکی توندڕەوەیش لەو ژینگانە سەرهەڵدەدەن**

**وشەی بۆکۆ حەرام** Boko Haram **بە زمانی هۆزی (هۆسا) بە واتای (کولتووری رۆژئاوا حەرامە) و ناوی راستەقینەشی (گرووپی ئەهلی سوننە بۆ بانگخوازی و جیهاد)ە، کە سەر بە ولایەتی بۆرنۆی نایجیریایە لە باکووری وڵات کە زۆرینەیان موسڵمانن**

توندڕۆی فیکریی ئەو لەگەڵ گرووپە پەروەردەییە چاکخوازییە ئاشتیخوازییەکاندا یەکی نەدەگرتەوە، دادوەر ئەبوبەکر جومی میانڕۆ بوو و لەسەر بەرنامەی عوسمان فودیی دامەزرێنەری خەلافەتی (سۆکۆ) بوو، ئەو کەسەی کە گەنجانی ولایەتی برۆنۆ ددانیان پێدا نەدەنا، چونکە بە بڕوای ئەوان نۆکەری کۆلۆنیالیزمی بەریتانی بوو، لەگەڵ کودەتا سەربازییەکەی لە ساڵی١٩٣٣دا ژەنەڕاڵ سانی ئەباچا دەستی کرد بە لاوازکردنی خەلافەتی سۆکۆتۆ و سوڵتانی دەستگیرکرد، خەلیفەیەکی لایەنگری خۆی دانا، بەڵام لەگەڵ هاتنی ژەنەڕاڵی کریستیانی خانەنشین (ئۆلیسجیۆن ئۆباسانجۆ) لە ساڵی ١٩٩٩دا هێزی سیاسی گواسترایەوە بۆ باشوور واتا بۆ کریستیانەکان، هەرچەندە موسڵمانان لە باکوور زۆرینە بوون، ئەم رەفتارو هەڵوێستانە گەنجانی باکووریان هاندا کە زیاتر حکومەت رەتبکەنەوە، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٢دا توانییان (١٢) ولایەت لە باکووری وڵات کۆنترۆڵ بکەن و شەریعەت جێبەجێ بکەن، بەڵام دابڕانێك لەنێوان دەسەڵاتی باکوورو گەنجان هاتەئاراوە، ئەوە بوو دواتر گرووپی بۆکۆ حەرامیان بە سەرۆکایەتیی محەمەد یوسف پێکهێنا، محەمەد یوسف لە ساڵی ٢٠٠٢دا گرووپێکی تایبەت بە خۆی دامەزراند بە ناوی (گرووپی ئەهلی سوننە بۆ بانگخوازی و جیهاد) کە دواتر بوو بە گرووپی (بۆکۆ حەرام)، پەیامێکیشی نووسی بەناوی (ئەمە بیروباوەڕمان و بەرنامەی بانگخوازیمانە)، ئەم پەیامەی لەنێو پەیڕەوکارانیدا بڵاوکردەوە، تا دواتر ئەوان فیکری گرووپەکە لە وڵاتدا پەخش بکەن، هەروەها پەیامی (حەق هات) بەناوێکی خوازراوی عەلائەددین بەرناوی پەیدابوو، فەلسەفەی گرووپەکە تەکفیرکردنی دەوڵەتی نایجیریا بوو بەوپێیەی دەوڵەتێکی عەلمانییە و شەریعەتی ئیسلام پەیڕەو ناکات، ئەم گرووپە بە تاڵیبانی نایجیریا ناویان دەرکرد، لە ساڵی ٢٠٠٤دا بنکەیەکیان لە گوندی کنامای باکووری ولایەتی یوبی بەناوی ئەفغانستان وەك شانازیکردن بە جیهادی تاڵیبان دامەزراند، یەکەم هێرشی چەکدارییان لە ساڵی ٢٠٠٣ لە باکووری نایجیریا واتا لەنێو موسڵماناندا ئەنجامدا، ئەو گرووپە لە پێنج ولایەتی باکووری رۆژهەڵاتدا بڵاوبۆوە کە بریتین لە (گۆمبی، ئادماوا، برۆنۆ، یۆبی، باوشی)، هەروەها لە ویلایەتەکانی باکووری رۆژئاوا (کانۆ، جیگاوا، کاتسینا، سۆکۆتۆ، کبی)، دواتر کاریگەریی لە دەوڵەتانی دراوسێی وەك نەیجەر و چاد و کامیرۆن بڵاوبۆوە. محەمەد یوسف لە بەرهەڵستیکردنی چەکدارانەی دەوڵەت بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ٢٠٠٩دا کوژرا، ناکۆکیی زۆر روویدا سەبارەت بەو کەسەی کە جێی دەگرێتەوە، ئەوە بوو سێ گرووپ لێی جیابۆوە، گرووپێك بە سەرۆکایەتیی کوڕەکەی محەمەد یوسف کە بە دەوڵەتی ئیسلامی لە رۆژئاوای ئەفریقیا ناسرابوو، گرووپێکیش بە سەرۆکایەتیی ئەبو موسعەب بەرناوی کە نوێنەرایەتیی داعشی ئەبوبەکر بەغدادی دەکرد، بەڵام دواجار لە بەرژەوەندیی ئەبوبەکر شیکاو یەکلایی بۆوە کە بوو بە جێگرەوەی محەمەد یوسف، گرووپی بۆکۆ حەرام هەموو کەسێکی تەکفیر دەکرد کە پەیوەندیی بە رۆژئاواوە هەبووایە، هەر بۆیە دیموکراسی و دەستوورو پەرلەمان و خوێندنیشی رەتکردەوە، کاتێ ئەبوبەکر شیکاو دەسەڵاتی گرتەدەست ئەو قسەیەی کرد: (قورئانی پیرۆز فێری کردووین کە دیموکراسی و دەستوورو خوێندنی رۆژئاوا رەت بکەینەوە)، هەرچەندە دیموکراسی ئامرازێکە بۆ تێپەڕاندنی جەور و ستەم بە گوتەی فەیلەسووفی نەمساوی کارل پۆپەر، بۆیە لە سەردەمی ئەودا توندوتیژیی تایفەگەری و کاری نهێنی و توندوتیژیی خوێناوی دەستی پێکرد، ئەوە بوو لە سەردەمی سەرۆك گۆدلاك جۆناساندا(٢٧٠) قوتابیی کچ لە قوتابخانەی دواناوەندیی شەیبۆك رفێنران، بۆ ماوەی هەزار رۆژ لە ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ بە دیلی لایان مانەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوانە کاریگەریی زانایانی قاعیدەو داعشیان بەسەرەوە بوو، ئەوەی پەیوەستە بە خوێندن و قوتابخانەکانەوە ئەبو محەمەد مەقدیسیی ئوردنی کە شێخ ئەبو مەسعەی زەرقاوییە پەیامێکی دژی ئەم جۆرە خوێندنە دەرکرد بە ناوی (ئامادەکردنی سەرکردەی شۆڕەسوار بە جێهێشتنی گەندەڵیی قوتابخانەکان)، دوای کوشتنی محەمەد یوسف بە ساڵێك واتا لە ٢٠١٠دا ئەبوبەکر شیکاو کە جێگرەوەی ئەو بوو بەیعەتی بە ئوسامە بن لادنی سەرکردەی رێکخراوی قاعیدە دا، ئوسامە بن لادنیش پشتیوانیی ماددی و لۆجیستیی پێشکەش کرد،

هەماهەنگیشی لەنێوان ئەو و لقەکانی قاعیدە بەتین کرد، بەتایبەتیش لە سۆماڵ (بزووتنەوەی لاوانی موجاهید)، هەروەها لە لیبیا و مالی و مەغریبی عەرەبی و وڵاتانی دیکە و مەشقیشی بە لاوان کرد. لەبەر ئەوەی گرووپەکە چالاك بوو و وڵاتی خستەنێو شەپۆلێکی توندوتیژی و خوێناوییەوە کە دوای کوشتنی محەمەد یوسف بۆ ماوەیەکی کەم وەستابوو، لە ساڵی ٢٠١٥دا ئەم گرووپە بەیعەتی دا بە رێکخراوی داعش بە سەرۆکایەتیی ئەبوبەکر بەغدادی، وا دیارە هەر کاتێ بزووتنەوەیەکی خوێناویتر و توندڕەوتر سەرهەڵبدات، بۆکۆ حەرام بەیعەتی پێ دەدات. سەرۆکی نایجیریا جۆناسان لە ساڵی ٢٠١٣دا رایگەیاندبوو کە هاوسۆزییەکی میللی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئاسایشی نایجیریا تۆڕێکی سیخوڕیکردنی بۆکۆ حەرامی لە فڕۆکەخانەی ئەبوجای نێودەوڵەتیی پایتەخت ئاشکراکرد، کە سەرۆکەکەی گەنجێکی تەمەن چواردە ساڵان بوو، لە ساڵی ٢٠١٥دا سەرۆکی خزمەتگوزارییەکانی کۆچ لەسەر کار لابرا، لەبەر ئەوەی ڤیزای هاتنەناوەوەی دابوو بە شێخی لوبنانی ئەحمەد ئەسیر حوسەینی کە لە دادگا داواکراوبوو، بە تۆمەتی ئەوەی کاری تیرۆریستی لە بەیروت ئەنجامدابوو، بەڵام لە هەمان ساڵدا لە فڕۆکەخانەی بەیروت دەستگیرکرا.

ئاشکرایە کە توندوتیژیی چەکداری لەلایەن بۆکۆ حەرامەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە سەردەمی سەرۆك جۆناسان کە کریستیان بوو زۆر پەرەی سەندبوو، بۆیە دەبینین کە ئەم دیاردەیە لە سەردەمی سەرۆك بوخاری کەم بۆتەوە، کاریگەریی ئەم گرووپە لە ئەفریقیا بەتایبەتیش لە مالی زیادی کردووە، کاریگەریی بۆکۆ حەرام لەسەر گەنجانی مالی گەیشتە ئەو راددەیەی کە هەندێکیان بە پێخاوسی رێ بکەن، لەجیاتی بەکارهێنانی پێڵاوی بیانی، ئەمە وێڕای چەندین دیاردەی سەرسوڕهێنەری رۆژئاوا، چونکە بە تەواوی ئەو گرووپە داعشیی ئەفریقییە، کاتێ دەستی کرد بە لەناوبردنی نەیاران تەنانەت موسڵمانانیش، بۆیە بۆکۆ حەرام گرووپی ئەبوبەکر جومیی دادوەری موسڵمان و میانڕەوی بە کافر لەقەڵەم دا، بە بیانووی هاوکارییان لەگەڵ «حکومەتی کافر و عەلمانیی نایجیریا»، لەوەش سەیرتر ئەم گرووپە لە ساڵی ٢٠١٤ شێخ محەمەد ئەوەل ئادەم ئەلبانی و هاوسەرەکەی و کوڕەکەیان تیرۆر کرد، چونکە رەخنەی لە گرووپەکەو فیکرە توندڕۆکانی گرتبوو.

## ● گرنگترین بیروباوەڕەکانی ئەم گرووپە

١. بانگەشەکردنی حاکمییەت، ئەمەش بیدعەیەکە سەید قوتب دایهێنا، عومەر عەبدولڕەحمان میسری بنەماکانی دامەزراند، بە واتای تەکفیرکردنی حوکمی دانانی و دیموکراسی و پەرلەمان و دەستوور، چونکە ئەمە پێچەوانەی ئیسلامە، ئەبوبەکر شیکاو دەڵێت: ئێوە دەڵێن: دەسەڵات لە خەڵکەوە بۆ خەڵکە، واتا دەبێ خەڵك حوکمی یەکدی بکات، بەڵام خوا دەڵێت: دەسەڵات تەنیا بۆ ئەوە، تەنیا حوکمی ئەویش لەسەر زەوی جێبەجێ دەکرێت.

٢. دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی و بەیعەتدان بە خەلیفەو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام، کاتێك خەلافەتی ئیسلامییان لە ساڵی ٢٠١٤ راگەیاند، گوتیان: هەر کەسێك بەیعەت بە خەلافەت نەدات کافرە و لە میللەتی ئیسلام دەرچووە، شیکاو قسەی لەگەڵ سەرکردە موسڵمانەکانی چادو نەیجەر کرد، کاتێ داوای هاوپەیمانیی ئەفریقان کرد دژی بۆکۆ حەرام، پێی گوتن: ئێوە پێتان وایە موسڵمانن؟ دەمامکی رووتان داماڵن، دەبێ بزانن کە ئێوە شەڕ لەگەڵ خوا دەکەن.


٣. حەرامکردنی خوێندنی رۆژئاوایی بە هەموو جۆرەکانیەوە، لێرەوە بۆکۆ حەرام ناونرا، چونکە خوێندن پێش هاتنی کۆلۆنیالیزم و مژدەبەخشەکان ئیسلامی بووە، دواتر بەڕۆژئاوایی کرا، ئەمەش کفرە.

٤. پێویستە ماڵی کوفر جێبهێڵرێت و رووبکرێتە ماڵی ئیسلام، ئەمەش لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەوەی بەجێی نەهێڵێت، دیارە بەو کوفرە رازییە.

گرووپی بۆکۆ حەرام تا ئێستاش هەڕەشەن بۆ حکومەتی نایجیریا، هەموو سەرۆکەکانی موسڵمان و کریستیان نەیانتوانی لەناویان بەرن، ئەوان تا ئەمڕۆش لە سەرتاسەری ئەفریقیا بڵاوبوونەتەوە، هەروەك سەرۆکی ئێستای نایجیریا محەمەد بوخاری دەڵێت: بە بۆمبێکی دانراوە و کاتی هەژمار دەکرێن.

**محەمەد یوسف لە ساڵی ٢٠٠٢دا گرووپێکی تایبەت بە خۆی دامەزراند بە ناوی (گرووپی ئەهلی سوننە بۆ بانگخوازی و جیهاد) کە دواتر بوو بە گرووپی (بۆکۆ حەرام)، پەیامێکیشی نووسی بەناوی (ئەمە بیروباوەڕمان و بەرنامەی بانگخوازیمانە)،**

**لە سەردەمی سەرۆک گۆدلاک جۆناساندا (٢٧٠) قوتابیی کچ لە قوتابخانەی دواناوەندیی شەیبۆک رفێنران، بۆ ماوەی هەزار رۆژ لە ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ بە دیلی لایان مانەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوانە کاریگەریی زانایانی قاعیدەو داعشیان بەسەرەوە بوو**




مایکڵ ناخت پرۆفیسۆرە لە سەنتەری بیرکلی بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، تایبەتمەندە لە بوارەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، سیاسەتی گشتی و ستراتیژیەتی ڕێکخراوە ئاڵۆزەکان، پێشتریش چەند پۆستێکی گرنگی هەبووە، وەك یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمریکا بۆ کاروبارە ستراتیژییە جیهانییەکان، ڕاگری سکووڵی کاروبارە گشتییەکان لە زانکۆی ماریلاند، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری زانست و کاروباری نێودەوڵەتیی لە سکوڵی کەنەدی بۆ حکومەت لە زانکۆی هارڤارد بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

## مایكڵ ناخت

### تایبەتمەندی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا بۆ گوڵان:

# ترەمپ سیاسەتێكی دەرەكیی تاكلایەن و پۆپۆلیستی گرتۆتەبەر

*** ئاشكرایە كە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مشتومڕێكی زۆری لەبارەوە دەكرێت، هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ئێوە بۆ ئەم سیاسەتە چییە؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر بەرفراوانە، بە تێڕوانینی من سەرۆك ترەمپ چەند سیاسەتێكی جیاوازی دەرەكی هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا جەخت لەسەر گرتنەبەری سیاسەتی پشتیوانیكردنی سعودیە و وڵاتە عەرەبییە سوننەكانی دیكە و ئیسرائیل دەكاتەوە لە دژی ئێران. بەڵام ئەم ستراتیژیەتەش دوچاری كێشە بۆتەوە، كە ئێستا لە كۆنگرێسی ئەمریكا تاوتوێی ئەوە دەكرێت كە رێگری بكرێت لە پێدانی چەك بە سعودیە ئەگەر هاتوو سعودیە ئەو چەكانە رادەستی حكومەتی یەمەن بكات بۆ شەڕكردن لە دژی حوسییەكان. بەڵام لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، ئەوا بۆچوونی من ئەوەیە دەبێت لەوە بڕواندرێت ئایا هیچ رێگایەك هەیە بۆ كردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا؟ هەروەها من هاوڕا نەبووم لەگەڵ بڕیاری كشانەوەی ئەمریكا لە رێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا، كە پێم وایە ئەمە هەڵە بوو. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا لە ئێستادا سەرنجێكی كەمتر هەیە لەسەر عێراق لەلایەن ئەمریكاوە، چونكە لەلایەك خواستی ئەوە هەیە ئەم وڵاتە بتوانێت پەرە بە خۆی بدات و رێز لە پێكهاتەكان بگرێت لە نێویاندا كورد، كە بە رادەیەكی گەورە هاوكار بوون لە شەڕی دژ بە داعش لە عێراق و سووریا، بەڵام نیگەرانیی سەرەكیی ترەمپ بریتییە لە سنووردار‌كردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران بە سەر حكومەتی عێراقەوە.

**نیگەرانیی سەرەكیی ترەمپ سنووردار‌كردنی دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لە سەر حكومەتی عێراق و بڕیاری ئەم دواییەی بۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەک رێكخراوێكی تیرۆریستی كاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا دەبێت**

**ترەمپ و ستافەکەی بە تایبەتی وەزیری دەرەوە، (مایک پۆمپیۆ) و راوێژکاری ئاسایشی نێودەوڵەتی (جۆن بۆڵتۆن)، دەیانەوێت سەختترین سیاسەت، کە مومکین بێت، لە دژی ئێران بگرنەبەر**

**ئەگەری ئەوە هەیە لە رێی سزای ئابوورییەوە قەناعەتی ئێران گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی رێبەری باڵای ئەو وڵاتە (خامەنەیی) زۆر باڵادەستە بەسەر کاروبارە ئەمنییەکانی وڵاتەکەوە**

**رێبەری باڵای ئێران سەرکردەیەکە پێداگری دەکات لەسەر بەرهەڵستیکردنی دەسترۆیشتوویی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و رکابەرێکی سەرسەختی ئیسرائیلە**

**بە گوێرەی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی ئێران پابەندە بە بەند و برگەکانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە. کە جێی خۆشحاڵییە بۆ من ئەم رێککەوتنە لە ئارادا ماوە**

*** ئێوە دەڵێن نیگەرانیی سەرەکیی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بریتییە لە سنووردارکردنی دەسترۆیشتوویی ئێران، کە لەم رووەوە هەڵمەتێکی چڕی دروستکردنی فشاری لەسەر ئێران دەستپێکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لەم فشار و سزایانەی ئەمریکا لە دژی ئێران دەڕوانیت؟**

- من پێم وایە بڕیاری ئەم دواییەی ترەمپ بۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت. ئەوەی دەتوانین لەم رووەوە بیڵێین ئەوەیە کە ترەمپ و ستافەکەی بە تایبەتی وەزیری دەرەوە، (مایك پۆمپیۆ ) و راوێژکاری ئاسایشی نێودەوڵەتی (جۆن بۆڵتۆن)، دەیانەوێت سەختترین سیاسەت، کە مومکین بێت، لە دژی ئێران بگرنەبەر.

*** باشە پێت وایە دەرئەنجامی ئەم سیاسەت و سزایانەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا چی دەبن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم سزایانە نابنە هۆی سازشپێکردنی ئێران، هەرچەندە راستە کە ئەوانەی بەشدارییان کرد لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران، کە هەموان بەشداربوون لە سەپاندنیدا، کاریگەریی گەورەیان هەبوو لە ناچارکردنی ئێران بۆ ئەوەی بێتە سەر مێزی گفتوگۆ. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە لە رێی سزای ئابوورییەوە قەناعەتی ئێران گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی رێبەری باڵای ئەو وڵاتە (خامەنەیی) زۆر باڵادەستە بەسەر کاروبارە ئەمنییەکانی وڵاتەکەوە، سەرکردەیەکە پێداگری دەکات لەسەر بەرهەڵستیکردنی دەسترۆیشتوویی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و رکابەرێکی سەرسەختی ئیسرائیلە. کەواتە من نازانم بە دڵنیاییەوە ئەم سزایانەی ئەمریکا چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر سیاسەتەکانی ئێران، راستە لە ئێستادا سەرۆکێکی میانڕەویان هەیە، بەڵام دەکرێت ئەمەش لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

*** کەواتە پێت وانییە ئەم سزایانەی ئەمریکا ئێران ناچار بکات دووبارە بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ؟**

- بەڵێ، من پێم وانییە و رەنگە هەڵەش بم، بەڵام ئەوەی بۆ من و کەسانێکی دیکە جێی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو باوەڕمان وابوو دوای کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، ئەوا ئەو رێککەوتنە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام هەڵنەوەشایەوە، ئەوەتا رووسیا و چین و وڵاتانی ئەورووپا پێوەی پابەندن و ئێرانیش پێوەی پابەندە، بە گوێرەی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی ئێران پابەندە بە بەند و برگەکانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە. کە جێی خۆشحاڵییە بۆ من ئەم رێککەوتنە لە ئارادا ماوە، چونکە بە رێککەوتنێکی باشی دەزانم. کە ئامانجە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە راگرتن و بەرگرتن لە پەرەپێدانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە ئێران. کەواتە کارێکی ژیرانە بوو کە ئەم رێککەوتنە کرا، بەڵام هەڵە بوو کە ئەمریکا لێی کشایەوە.

*** باشە ئێوە چۆن لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست عێراقدا دەڕوانن؟ ئایا پێتان وانییە ئەمریکا عێراق بەکار دەهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرۆك ترەمپ رایگەیاند هێزەکانمان بۆ چاودێریکردنی ئێران لە عێراقدا جێگیر دەکەین؟**

- بە راشکاوی من باوەڕم وا نییە کە سەرۆك ترەمپ زۆر مەبەستی بێت سوپای ئەمریکا رۆڵی زیاتری هەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو پێی وابوو کە زۆرێك لە کردەوە سەربازییەکان هەڵە بوون، هەروەها ئەو باوەڕی وابوو داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن ئەمریکاوە هەڵە بوو، کە زۆر کەس ئێستا ئەم بۆچوونەیان هەیە، بەڵام ئەو لەو کاتەدا ئەم تێڕوانینەی هەبوو. لە هەمان کاتدا ئەو بۆچوونی وابوو کە ئێمە لە ناوخۆی وڵاتەکەدا چەندین کێشەمان هەیە و چەندین پرۆژە و بواری ژێرخان هەیە کە دەبێت داراییان بۆ دەستەبەر بکرێت، واتە ئەو لەگەڵ ئەوەدا بوو پێویستە بەشی زۆری داهاتەکان بۆ پرۆژەکان لەنێو خودی ئەمریکادا تەرخان بکرێن، نەك بۆ چالاکیی سەربازی لە دەرەوەی وڵاتەکە. کە من پێشبینی ئەوە ناکەم هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە بگۆڕێت، بەلای

کەمەوە تاوەکو ساڵ و نیوێکی دیکە، واتە تاوەکو هەڵبژاردنێکی دیکەی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٢٠. هەرچەندە نازانین تا ئەو کاتە چی روودەدات، رەنگە هێرش و داگیرکارییەك رووبدات کە رەنگە ببێتەهۆی گۆڕینی ئەم هەڵوێستە. هەروەها ئێستا دەبینین کە سەرۆك ترەمپ باس لەسەر پرسی تێکشکاندنی داعش دەکاتەوە، کە ئێمە دەزانین بە هاوکاری و پاڵپشتییەکی گەورەی کورد ئەنجام درا. کە ئەوە بوو بڕیاری کشانەوەی لە سووریا دەرکرد، کە پێم وایە ئەمە بڕیارێکی زۆر خراپ بوو، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە حکومەتی سووریا بە هاوکاری رووسیا و ئێران و حزبولڵا باڵادەست ببێتەوە. بەڵام حاڵی حازر زۆر جەخت لەسەر کێشەی سنووری نێوان ئەمریکا و مەکسیك دەکاتەوە، لەگەڵ پرسی هاتنی کۆچبەران لە مەکسیکەوە بۆ ئەمریکا. واتە لە ئێستادا ئەمە بایەخی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ترەمپە. ئەگەرچی بۆی هەیە ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، چونکە دۆناڵد ترەمپ کەسێکە بە شێوەیەکی کتوپڕ بۆچوونەکانی دەگۆڕێت، واتە ئەو کەسێکی پێشبینی نەکراوە و پێشبینی نەکراوترین سەرۆکە لە مێژووی ئەمریکادا.

*** ئەگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە سەرۆك ترەمپ زۆر پەرۆش نییە بۆ کارکردن لە چوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا، ئایا لەم روانگەیەوە دروستە بڵێین سەرۆك ترەمپ سیاسەتێکی دەرەکیی تاکلایەنانە و ناسیۆنالیستییانە پیادە دەکات؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەمە سیاسەتێکی تاکلایەنانە و ناسیۆنالیستانەیە، ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە نییە من هاوڕا بم لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا، راستە نابێت ساویلکە بین، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە کارکردنی پێکەوە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و جیهانگەرایی کاریگەری باشیان لەسەر ژیانی ملیۆنان کەس هەبووە لە جیهاندا. لەبەر ئەوە تێڕوانینی من ئەوەیە هەڵکشانی ئەم رەوتە ناسیۆنالیستییە تاکلایەنە لە ئەمریکا، هەروەها لە وڵاتانی دیکەی وەك فلیپین و ئیسرائیل و هەنگاریا، کە دژی سیستمی لیبراڵیی جیهانین، مایەی نیگەرانییە. چونکە بە تێڕوانینی من جیهان سوودمەند بووە لە بوونی سیستمی لیبراڵیی جیهانی و من پشتیوانی لەوە ناکەم کە لە ماوەی شەو و رۆژێکدا لەبەریەك هەڵوەشێندرێت، پێم وایە ئەمە هەڵەیە.

*** کەواتە پێت وایە سیاسەتەکانی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هۆکارێك بوون بۆ لاوازکردنی ئەم سیستمە جیهانییە؟**

- دەتوانین بڵێین بەڵێ تا رادەیەك، چونکە ئەمریکا لە چەند رێککەوتنێکی گەورە کشاوەتەوە، وەك رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، رێککەوتنی پاریسی تایبەت بە ژینگە، پەیماننامەی بازرگانی ئۆقیانووسی ئارام، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لە چەندین رێککەوتنی دیکە نەکشاوینەتەوە، لە هەمووی گرنگتر رێکخراوی ناتۆیە، لەگەڵ رێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ یابان و کۆریای باشوور و ئوستڕالیا. کەواتە ئەمریکا بە تەواوەتی لەم سیستمە نەکشاوەتەوە.

*** کەواتە لە ئێستادا پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە باری گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕدایە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا چین هێزێکی هەڵکشاوە و ململانێی ئەمریکا دەکات و رووسیاش دەیەوێت رۆڵێکی گەورەتری لەسەر شانۆی جیهان هەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم پەیوەندییانە لە گۆڕانکاریدان، ئەمە گومان هەڵناگرێت، بەڵام پێم وایە هێزی چین لە رووی ئابوورییەوە بۆی هەیە دوچاری داکشان بێت، چونکە چین کێشەی ئابووری و دیموگرافیی خۆی هەیە، هەروەها گەشە ئابوورییەکەی ئەم وڵاتە خاوبوونەوە بەخۆوە دەبینێت، واتە هێشتا لە گەشەکردندایە، بەڵام بە رەوتێکی خاوتر. هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا چین کاراکتەرێکی گەورەیە لە سەرتاسەری جیهاندا. بەڵام رووسیا رۆڵ و توانایەکی سنووردارتری هەیە، کە ئێمە دەزانین رووسیا ئابوورییەکی مەزن و گەورەی نییە، بەڵام پوتین ئەم پێگەی لاوازە زۆر بە باشی بەکار دەهێنێت و ئەو ئامادەیە سنوورە نێودەوڵەتییەکان بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی رووسیا ببەزێنێت.


**ترەمپ کەسێکە بە شێوەیەکی کتوپڕ بۆچوونەکانی دەگۆڕێت، واتە ئەو کەسێکی پێشبینی نەکراوە و پێشبینی نەکراوترین سەرۆکە لە مێژووی ئەمریکادا**

**هەڵکشانی ئەم رەوتە ناسیۆنالیستییە تاکلایەنە لە ئەمریکا، هەروەها لە وڵاتانی دیکەی وەک فلیپین و ئیسرائیل و هەنگاریا، کە دژی سیستمی لیبراڵیی جیهانین، مایەی نیگەرانییە**

**هێزی چین لە رووی ئابوورییەوە بۆی هەیە دوچاری داکشان بێت، چونکە چین کێشەی ئابووری و دیموگرافیی خۆی هەیە، هەروەها گەشە ئابوورییەکەی ئەم وڵاتە خاوبوونەوە بەخۆوە دەبینێت**

**رووسیا ئابوورییەکی مەزن و گەورەی نییە، بەڵام پوتین ئەم پێگەی لاوازە زۆر بە باشی بەکار دەهێنێت و ئەو ئامادەیە سنوورە نێودەوڵەتییەکان بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی رووسیا ببەزێنێت**

## دیمانەی تایبەت



ریچارد هێرمان، پرۆفیسۆره لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆهایۆ ستەیت، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، سایکۆلۆژیای سیاسی. پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەری مێرشۆن بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی بووە. لەبارەی گرنگیی ناسیۆنالیزم و سیاسەتی ناسنامە لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا چەندین توێژینەوەی هەیە. هەروەها بایەخ بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رووسیا دەدات. وەك کەسێکی تایبەتمەندی بواری پەیوەندییە دەرەکییەکان لە ستافی پلاندانانی سیاسەتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کاری کردووە. گولان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد، کە پتر بە هۆکارەکانی هەڵکشانی ناسیۆنالیزم و دەرئەنجامەکانی پەیوەست بوون.

**ریچارد هێرمان**

**توێژەری بواری ناسیۆنالیزم بۆ گوڵان:**

# ڕەوتێک هەیە لەسەر بنەمایەکی مۆراڵی خوازیاری بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانە

*** وەك ئاشكرایە لە ئێستادا مشتومڕێكی زۆر دەكرێت لەبارەی دووبارە گەڕانەوەی ناسیۆنالیزم، بە تێڕوانینی ئێوە هۆكارەكانی دووبارە هەڵكشانەوەی رەوتی ناسیۆنالیزم چین؟**

- ئەگەر بە شێوەیەكی گشتی قسە بكەین، ئەوا هەمیشە لە ئاست جیهانگەراییدا دوو كاردانەوەی یەكسان بەڵام دژ بە یەك هەبوون، كە ئەمەش خەباتكردن بۆ ناسیۆنالیزم و سەربەخۆیی لێكەوتۆتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە باسی ئەمریكا بكەین، ئەوا لەم وڵاتەدا دەركەوتنی پۆپۆلیزم بەدی دەكرێت، كە ئەمەش كاردانەوەی تێوەگلانی چڕی ئەمریكا بووە لە ماوەی ١٥ساڵی رابردوودا لە وڵاتانی وەك عێراق و ئەفغانستان، واتە ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی كە بەشێكی زۆری خەڵكی ئەمریكا لەگەڵ ئەوەدا بن كە پێویستە جەخت لەسەر ناوخۆ بكرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، من پێموایە هەمیشە ناسیۆنالیزم لە ئارادا بووە، بەڵام جیاوازییەكە ئەوەیە كە لە ئێستادا سەركردەكان روونتر گوزارشتی لێدەكەن، چونكە بە تێڕوانینی من، هەمیشە ئەمریكا سیاسەتێكی دەرەكیی ناسیۆنالیستی هەبووە.

*** ئایا ئەم گەڕانەوەیە بۆ ناسیۆنالیزم لە ئەمریكا بۆتەهۆی ئەوەی ئیدارەی ئەم وڵاتە سیاسەتێكی دەرەكیی تاكلایەنانە و گۆشەگیرانە بگرێتەبەر؟**

- دەبێت جیاوازی لەنێوان لێدوان و هەنگاوە كردارییەكانی ئیدارەی ترەمپدا بكەین، چونكە من پێم وانییە گۆڕانكارییەكی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریكادا بەدی هاتبێت، واتە سەرەڕای ئەوەی ئەمریكا رەخنەی لە ناتۆ گرتووە، ئەوا ئەمریكا خەرجییە

**هەمیشە ناسیۆنالیزم لە ئارادا بووە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە لە ئێستادا سەرکردەکان رووننتر گوزارشتی لێدەکەن**

**ترەمپ باسی ناسیۆنالیزم و کشانەوە دەکات، بەڵام لە رووی واقیعییەوە هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی دیکەن**

**گومانکردن لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ئیدارەیە پێی وایە چیتر ئەم دامەزراوانە رەنگدانەوەی ئەو بەهایانە نییە کە ئەمریکا بایەخیان پێ دەدات، هەروەها خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش ناکەن**

**ئیدارەی ئەمریکا لە رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران کشایەوە و فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردووە، ئێستاش سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتەی خستۆتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە هیچ یەکێک لەم هەنگاوانەش هەنگاوی گۆشەگیرانە نین**

سەربازییەکانی خۆی بۆ ناتۆ زیاتر کردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا لە سووریا ناکشێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ترەمپ رایگەیاند کە هێزەکانی دەکێشێتەوە. هەروەها دەبینین ترەمپ لە کۆشکی سپیدا پێشوازی لە سەرۆکی میسر عەبدولفەتاح ئەل سیسی دەکات، ئیعتیراف بە سەروەریی ئیسرائیل دەکات بەسەر بەرزاییەکانی جۆلانەوە، باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تەل ئەبیبەوە دەگوازێتەوە بۆ قودس، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە بەر لە پێنج ساڵ هەموو ئەم بڕیارانە بە بڕیار و هەنگاوێکی زۆر توند هەژمار دەکران، بەڵام ئێستا بە کارێکی ئاسایی دادەنرێن. بە هەمان شێوە ئیدارەی ئەمریکا فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردووە و ئێستاش سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتەی خستۆتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە و لە رێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران کشایەوە، کە هیچ یەکێك لەم هەنگاوانەش هەنگاوی گۆشەگیرانە نین. بەڵام من پێم وایە مەسەلەکە ئەوەیە کە ترەمپ دەیەوێت بەرگێکی ناسیۆنالیستی بکات بە بەر لێدوان و قسەکانیدا و دەیەوێت وا دەربکەوێت کە ئەمریکا لای ئەو ئەولەوییەتی یەکەمە. لەلایەکی دیکەوە من پێم وانییە ئەمریکا لە ئاسیاش دەکشێتەوە، بەڵکو بینیمان ئەمریکا پابەندبوونە سەربازییەکانی بە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە زیاتر کردووە. پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە ترەمپ باسی ناسیۆنالیزم و کشانەوە دەکات، بەڵام لە رووی واقیعییەوە هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی دیکەن، ئێوە بڕواننە کەسایەتیەکی وەك جۆن بۆڵتۆن کە نەهجێکی تەواو پێچەوانەی گۆشەگیری پیادە دەکات، بگرە دەتوانین بڵێین موحافیزکارێکی نوێی توندە.

*** کەواتە هەموو ئەو نیگەرانییانەی گوزارشتیان لێدەکرێت لەبارەی ئەوەی ئەمریکا پابەند نابێت بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و شەرعییەتیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لە جێی خۆیدا نەبوون؟**

- ئاشکرایە کە ئیدارەی ئێستای ترەمپ بۆ کارکردن لە چوارچێوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان زۆر بە حەماس نییە و کارکردنی دوولایەنە، یان تاکلایەنە بە باشتر دەزانێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ئەمریکا رەوتێکی گۆشەگیرانەی گرتۆتەبەر، بەڵکو پتر رێچکەیەکی تاکلایەنانە پیادە دەکات. هەروەها گومانکردن لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ئیدارەیە پێی وایە چیتر ئەم دامەزراوانە رەنگدانەوەی ئەو بەهایانە نییە کە ئەمریکا بایەخیان پێ دەدات، هەروەها خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش ناکەن، واتە هەر کاتێك ئەم ئیدارەیە پێی وابوو ئەم دامەزراوانە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، ئەوا پشتیوانییان لێدەکات. کەواتە هەروەك ئاماژەم پێ کرد، جیاوازی هەیە لە نێوان لێدوان و هەنگاوە کردارییەکانی ئیدارەی ئەمریکا، چونکە ئێمە دەبینین سەرەڕای لێدوانەکان ئەمریکا ناتۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاسیا نەکشاوەتەوە. ئێستاش نازانین ئایا ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوە یان نا، کە من پێموایە ئەگەر بکشێتەوە ئەوا لەبەر ئەوە دەبێت کە پەرلەمانی عێراق، یان حکومەتی عێراق مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا رەت دەکەنەوە.

*** ئێوە لەبارەی گرنگیی ناسیۆنالیزم لە سیاسەتی جیهاندا توێژینەوە دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هەڵکشانی ناسیۆنالیزم لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان چ ئاکام و رەنگدانەوەیەکی دەبێت؟**

- ناسینۆنالیزم دەبێتە هۆی ئەوەی لە روانگەیەکی خۆویستانەوە لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکانی بڕوانیت، هەروەها کەسانێکیش هەن خوازیاری ئەوەن بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانیان بەدی بهێنن ، بەڵام دەیانەوێت ئەم کارە لەسەر نەمایەکی مۆراڵی بکەن، واتە ئەو کەسانەی لە رووی ناسیۆنالیزمەوە پابەندبوونێکی قووڵیان هەیە بە وڵاتەکەیانەوە، پێیان وایە لە رووی مۆراڵییەوە رێگاچارەیەکی راستیان گرتۆتەبەر بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانیان. بۆ نموونە: هەمیشە تێڕوانینێکی ئەرێنی هەبووە لە ئاستی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و لە وڵاتانی عەرەبی، هەروەها لە کوردستانیشدا، لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزم بە رێگای دژایەتیکردنی کۆلۆنیاڵیزم هەژمار دەکرا.

*** ئایا دەکرێت بڵێین دووبارە گەڕانەوەی ناسیۆنالیزم دەرئەنجامی شکستی جیهانگەرایییە کە مژدەی ئاوێتەبوونی ئابووری کە یەکخستنی گەلانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو؟**

- لە راستیدا ئەمە زادەی چەند هۆکارێکە، ئەگەر ئێمە باسی ئەمریکا بکەین، ئەوا یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەیە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و سەرکردە سیاسییە هاوبیرەکانی پێیان وایە پێویستە ئەمریکا ئەم رێگا و رێچکەیە بگرێتەبەر. بەڵام ئێمە دەزانین دابەشبوونێك لە نێو خودی ئەمریکادا هەیە، مەبەستم ئەوەیە ناتوانین بڵێین یەك رەوت و تەوژمی دیاریکراو لە ئەمریکادا باوە، چونکە ئێمە بینیمان لە قۆناغێکی هەڵبژاردنەکاندا ژمارەی دەنگەکانی هیلاری کلینتۆن زیاتر بوو لەو دەنگانەی ترەمپ بەدەستی هێنان. بەڵام ئەگەر ئێمە لەسەر هۆکارە راستەقینەکانی سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزم بڕوانین لە ئەمریکا، ئەوا دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ کەمبوونەوەی هەلی کار لە کارخانەکاندا و کەمبوونەوەی ئەو کارانەی کە داهاتێکی باشیان هەیە، ئەمەش نایەکسانییەکی گەورە دروست دەکات لە داهات و دەرامەتدا. هاوکات تووڕەیی و نائومێدیی لای زۆرێك لە کرێکاران دروست کردووە، چونکە پێیان وایە کار و خۆشگوزەرانیی ئەوان بەهۆی جیهانگەرایییەوە لەدەست چووە و ئەوان باوەڕیان وایە بێکاربوون، لەبەرامبەردا و لەسەر حیسابی ئەوان هەلی کار لە چین و مالیزیا و فیلیپین و مەکسیك دروست بووە، هەروەها ئەوان پێیان وایە بە بێ ئەو کارانە ئەوا ناتوانن بەو ئاستە بەرزەی پێشوو درێژە بە ژیان و گوزەران بدەن. کەواتە فشارە ئابوورییەکە بۆتە هۆی ئەوەی هەست بە تووڕەیی بکەن لە ئاست سیستمە سیاسییەکەدا. خۆ ئەگەر لە ئەورووپاش بڕوانین، ئەوا دەبینین بەهۆی ئەوەی شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران کە ڕوویان کردۆتە ئەو وڵاتانە، ئەوا نوخبەیەك لە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە ئەم پرسە دەوروژێنن و بگرە ئۆباڵی کێشەکانی وڵاتەکانیان دەخەنە ئەستۆی کەمینەکان، کە ئێمە دەزانین ئەمە بە هۆی جیهانگەرایییەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆی ئەو شەڕە ناوخۆییەی سووریاوە بووە کە ئەو هەموو پەنابەرەی لێکەوتۆتەوە.

*** لە سۆنگەی هەموو ئەوانەی کە باسکران، ئایا دەتوانرێت بوترێت بە هۆی گەڕانەوەی ناسیۆنالیزمەوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە؟**

- من لەمە دڵنیا نیم، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی بەدی دەکرێت، بریتییە لە هەڵکشانی هێزی چین و دووبارە هاتنەپێشەوەی رووسیا، پێم وایە لە دوای بیست ساڵ لە کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئەمریکا هێزێکی بێ رکابەر بوو، بەڵام ئێستا ململانێی هەیە و دروست بۆتەوە لەگەڵ چین و تا رادەدەیەکیش لەگەڵ رووسیادا. کە ئێستا دەبینین رووسیا دووبارە تێوەگلاوەتەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، واتە جگە لەم حاڵەتانە من گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەدی ناکەم. هەروەها ئەگەر باسی یەکێتی ئەورووپاش بکەین، ئەوا رەنگە ئەم یەکێتییە وەك خۆی بمێنێتەوە و درێژە بکێشێت، بەڵام بە بێ بەریتانیا- دوای ئەوەی ئەم وڵاتە لەو یەکێتییە دەرچووە، مەبەستم ئەوەیە وەك ناوچەیەکی سەقامگیر دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم ناوچەیە بە ساتەوەختی گۆڕانکاریدا تێدەپەڕێت، بەڵام من گۆڕانکارییەکی دراماتیکی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە هەندێ وڵاتی ئەم ناوچەیەوە، وەك میسر و سعودیە، بەدی ناکەم.

*** ئایا ئاراستەی پەیوەندیی نێوان هێزە گەورەکان پتر بە چ ئاقارێکدایە، هاوکاریکردنی یەکتر، یان رووبەڕووبوونەوە؟**

- بەداخەوە پێموایە ئاراستەکە زیاتر بەرەو ململانێیە، چونکە ئێمە دەبینین هێزی چین لە هەڵکشاندایە، رووسیاش داوای پێگەیەکی باشتر دەکات لەسەر شانۆی جیهانی و ئەمریکاش دوودڵە لەوەی ئەم پێگەیە بە رووسیا بدات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە رەنگە ناکۆکیی دیکە روو بدات، هەرچەندە من تەمەننای ئەوە ناکەم رووبدات. هەرچۆنێك بێت ئەوە ئاشکرایە کە لە بواری پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکا و چیندا پتر رووبەڕووبوونەوە بەدی دەکرێت.

**ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆی ئەوەی لە روانگەیەکی خۆویستانەوە لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکانی بڕوانێت، هەروەها کەسانێکیش هەن خوازیاری ئەوەن بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانیان بەدی بهێنن، بەڵام دەیانەوێت ئەم کارە لەسەر بنەمایەکی مۆراڵی بکەن**

**هەمیشە تێڕوانینێکی ئەرێنی هەبووە لە ئاستی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێ و لە وڵاتانی عەرەبی، هەروەها لە کوردستانیشدا، لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزم بە رێگای دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم هەژمار دەکرا**

**لە دوای بیست ساڵ لە کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، ئەمریکا هێزێکی بێ رکابەر بوو، بەڵام ئێستا ململانێی هەیە و دروست بۆتەوە لەگەڵ چین و تا رادەدەیەکیش لەگەڵ رووسیادا**

**ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم ناوچەیە بە ساتەوەختی گۆڕانکاریدا تێدەپەڕێت، بەڵام من گۆڕانکارییەکی دراماتیکی لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە هەندێ وڵاتی ئەم ناوچەیەوە، وەک میسر و سعودیە، بەدی ناکەم**

لە نێوان پێداگری لەسەر نیولیبرالیزم و گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم

# حوکمڕانیی دروست و مامەڵەیەکی ناسیۆنالیستانە لەگەڵ خواست و داواکاریی هاووڵاتیان





چەمکی فەرمانڕەوایی یان شێوازی حوکمڕانیکردن (Governmentality) وەك میشێل فۆکۆ لە مایکرۆ فیزیای دەسەڵاتدا پێناسەی کردووە، واتە (موتوربەکردنی حکومەت و ئەقڵانییەتی سیاسی لەناو یەك وشەدا)، ئەمەشی بەو مانایە بەکارهێناوە کە حکومەت و حوکمڕانی بە ئەقڵانییەتی سیاسی بەڕێوەدەبرێت، نەك بە کۆپیکردنەوەی سیستمە جیاوازەکان. فۆکۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کاتێك (حکومەت و ئەقڵانییەتی سیاسی لەناو یەك وشەدا موتوربە دەکرێن و دەبنە یەك وشە)، ئەوا لە ڕێی (دامەزراوەکانی دەوڵەت و مەعریفە و پراکتیکێکی ڕێکوپێك)ـەوە دەتوانرێت حوکمڕانییەکی هاوچەرخی نموونەیی پێدا بکرێت، لەمەش زیاتر بە دروستکردنی ئەم هاوبەندییە لە نێوان (دامەزراوەکان و مەعریفە و پراکتیکێکی ڕێکوپێك) دەتوانرێت کار لەسەر کێشە وردەکانی کۆمەڵگە و پرسە سەرەکییەکانی سیاسی و ئابووری لە ناو دەوڵەتدا پیادە بکرێت.

دیارە میشێل فۆکۆ لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم بیرکردنەوە وردەی بۆ کەموکورتییەکانی حوکمڕانی کردووە و، ئەو کات ئەو پێی وابووە، مۆدێرنە کۆتایی هات و چیدیکە ئەو سیستمە سیاسییەی مۆدێرنە بەرهەمی هێناوە، ناتوانێت لەو ئاستەدا بێت کە چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دروستی دەکەن، لەسەر ئەم بنەمایەش فەلسەفەی (مردنی مرۆڤ)ی ڕاگەیاند، ئەمەش بەو مانایەی ئەو مرۆڤە ئازادەی ئومێدی بوو لە ناو مۆدێرنەدا لەدایك بێت، ئەوا ئەو مرۆڤە ئازادە مردووە و لە جێی ئەودا مرۆڤێك لەدایك بووە کە بۆتە کۆیلەی ئامێرەکان، بۆیە جاڕی کۆتاییهاتنی مۆدێرنەی ڕاگەیاند و بانگەشەی بۆ پۆست مۆدێرنە کرد.

ئاشکرایە ئەم ئاراستەیەی کۆتاییهاتنی مۆدێرنە و دەستپێکی قۆناخی پۆست مۆدێرنە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پرسێکی گەرمی وتووێژ و موناقەشە هزرییەکانی نێوان تەواوی بیرمەندانی جیهان و بیرمەندانی هەردوو قوتابخانەی فیکری فەرەنسی و ئەڵمانییش بووە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەموو بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە مۆدێرنە دوچاری شکستێکی گەورە هاتووە، بەڵام لە شێوازی دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و شێوازی چارەسەرکردنیان بۆچوونی جیاوازیان هەبووە، هەر بۆ نموونە: لەکاتێکدا بیرمەندێکی گەورەی فەرەنسی وەك میشێل فۆکۆ بە دەنگی بەرز بانگەشەی بۆ کۆتاییهاتنی مۆدێرنە دەکرد، لە بەرامبەردا بیرمەندێکی گەورەی ئەڵمانی وەك یۆرگن هابرماس بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەبێت (مۆدێرنە بکرێتە گوتارێکی فەلسەفی) و جارێکی دیکە بەپێی ئەم سەردەمە دووبارە چەمکەکە پێناسە (Reconceptualise) بکرێتەوە، بەڵام هەردوو لاشیان بە دوو میتۆدی جیاواز لەسەر ئەوە کۆك بوون کە چیدیکە مۆدێرنە توانای بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئازادیخوانەی نەماوە. هابرماس ناوی ئەمەی نابوو: (مەعریفەی بەرژەوەندخوازی) بۆ بەرژەوەندیی ئامێر و سەرمایەداران، هەورەها هابرماس پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەم مەعریفە بەرژەوەندیخوازییە ئازادییەکانی مرۆڤی سنووردار کردوووە و دەبێت هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مۆدێرنە توانای بەرهەمهێنانەوەی (مەعریفەی ئازادیخوازانەی) بۆ بەرژەوەندیی ئازادی مرۆڤ پەیدا بکاتەوە.

ئەم پرسە هزرییە گرنگە بە درێژایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و، شێوازی حوکمڕانیی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی نەیتوانی وەك پێویست وەڵامی خواست و داواکاریی هاووڵاتیانی بداتەوە و سەرلەنوێ کۆمەڵگە خۆی چالاك بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین لە نۆڤمبەری ١٩٨٩ و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی ١٩٩١، بارودۆخێکی تازە هەتا پێشەوە و پرسە هزرییە گەرمەکان بووە قسەکردن لەسەر سیستمی (دیموکراتی و نادیموکراتی)، لەسەر ئەم پرسەش لەنێوان بیرمەندانی جیهاندا جیاوازییەکی گەورە هەبوو، بەشێکیان بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە: دەکرێت سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەك سیستمێکی گلۆبالی لە سەرووی سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation State)ـەوە ببێتە سیستمێکی جیهانی و پرۆسیجەرەکانی سیستمی لیبراڵی وەك (هەڵبژاردن و بازاڕی ئازاد) لەسەر

**ئەو بیرمەند و توێژەرانەی داوای گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سیستمی دیموکراتی یەکێکە لە داهێنانەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی نەبوایە، ئەوا سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دروست نەدەبوو**

**کاتێک سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی وەردەچەرخێت بۆ سیستمێکی گلۆباڵی و دەیەوێت تاکگەرایی جێگەی هاونیشتمانیبوون بگرێتەوە، ئەوا خۆی لە دەوڵەتی نەتەوەیی دادەماڵێت و بەرگێکی گلۆباڵی بە بەری خۆیدا دەکات**

**ئەم بەرگە گلۆباڵییە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکا کە دەیانەوێت سەرکردایەتیی ئەم سیستمە گلۆباڵییە بکەن، بارگرانییەکی گەورە لە سەر هاووڵاتیانی خۆیان دروست دەکات**

هەموو دەوڵەتەكان وەك پرانسیپێكی جیهانی پیادە بكرێت، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا دیسان بەشێكی دیكەیان بۆچوونێكی دیكەیان هەبوو و پێیان وابوو سیستمی لیبراڵ دیموكراتی بەم شێوازەی ئێستا هەیە و پیادەكرێت، نەك هەر لەسەر ئاستی گلۆباڵی سەركەوتوو نابێت، بەڵكو لەسەر ئاستی لۆكاڵیی دەوڵەتێكیش ناتوانێت وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستییەكانی خەڵك بێت. هەر بۆ نموونە: هابرماس پێی وابوو كە لوتكەی پیادەكردنی سیستمی لیبراڵی وەك سیستمێكی گلۆباڵی (یەكێتی ئەوروپا)یە، بەڵام ئەو بڕیارە سیاسییانەی لە برۆكسل وەك پایتەختی حوكمڕانی (یەكێتی ئەوروپا) دەردەچن، لە شەقامی سیاسیی دەوڵەتانی ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا پێشوازی لێ ناكرێت، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتیش ئەو بڕیار و یاسایانەی پەرلەمان دەریدەكات و حكومەتەكان جێبەجێی دەكەن، ناتوانن چارەسەری كەموكورتییەكان و خواست و داواكاریی هاووڵاتیان بن، هەر بۆیە بۆ چارەسەركردنی كەموكووڕییەكانی ئەو بڕیارانەی لە برۆكسلەوە دەردەچن و لە وڵاتانی ئەندامی یەكێتی ئەوروپا بە گەرمی پێشوازی لێ ناكرێت، پێشنیاری ئەوەی كرد كە دەبێت شێوازی لیبراڵییانەی دروستكردنی بڕیار بگۆڕێت بۆ شێوازی ئۆردۆ لیبراڵیزم، ئەمەش بەو مانایەی كاتێك لە برۆكسل بڕیار دروست دەكرێت، دەبێت ژینگەی ناوخۆیی سیاسی لە هەر دەوڵەتێكی ئەندام لەو یەكێتییە لەبەر چاوبگیردرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتانە پێشوازی لەو بڕیارانە بكەن و جێبەجێیان بكەن، لەسەر ئاستی ناوخۆی هەر دەوڵەتێكیش، دیسان پێشنیاری ئەوەی كرد، كاتێك پەرلەمانەكان یاسا و بڕیار دەردەكەن، دەبێت راستەوخۆ هاووڵاتیان لە فەزای گشتیدا بەشدارییان لە وتووێژەكانی شێوازی دروستكردنی یاسا و بڕیارەكاندا هەبێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو، كاتێك یاسا و بڕیارەكان دەردەچن و لەلایەن حكومەتەكانەوە جێبەجێ دەكرێن، توانای جێبەجێكردنی لانیكەمی خواست و داواكارییەكانی خەڵكی تێدا بێت، ئەمەشی ناو لێنا (دیموكراتیەتی راوێژكاری)، واتە بوونی راوێژی بەردەوام لە نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتی یاسادانانەدا بۆ ئەوەی ئەو یاسا و بڕیارانەی حكومەتەكان جێبەجێی دەكەن، رەنگدانەوەی ژینگەی لۆكاڵیی فەزای گشتیی هەر دەوڵەتێك بێت. بەڵام دیسان لە نێوان بۆچوونە جیاوازەكانی بیرمەندانیشدا خاڵی هاوبەش هەبوو، تەنانەت ئەو بیرمەندانەشی كە پشتگیریی ئەوەیان دەكرد سیستمی لیبراڵی دەشێت ببێتە سیستمێكی گلۆباڵی، جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە تەنیا بە پیادەكردنی پرۆسیجەرەكانی سیستمی لیبراڵی (ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پابەندبوون بە بازاڕی ئازاد) هەموو كێشە نەتەوەیی و ئیتنی و كۆمەڵایەتییەكانی دەوڵەتان چارەسەر ناكرێت و، نابێت پاكانەی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بۆ پاكتاوی رەگەزی لە یوگوسلافیای پێشوو ئەوە بێت كە سەرۆكێكە لەلایەن گەلی یوگسلافیاوە هەڵبژێردراوە، بە پێچەوانەوە لابردنی میلۆسۆڤیچ لە سەرۆكایەتی و دادگاییكردنی لەبەردەم دادگای تاوانەكانی جەنگ، شێوازێكە بۆ راستكردنەوەی دیموكراتی.

دیارە لەسەر ئاستی دروستكردنی بڕیاری سیاسی لە تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوا (ئەمریكا و یەكێتی ئەوروپا)، كەم تا زۆر پێشبینی و مەزندەی بیرمەندان بە هەند وەرنەگیرا و لەبری ئەوەی هەوڵە سیاسییەكان یەكبخرێن، بۆ ئەوەی كەموكورتییە سیاسییەكانی سیستمی لیبراڵ دیموكراتی چارەسەر بكەن و لەگەڵ ژینگەی لۆكاڵیی دەوڵەتان بیگونجێننەوە، كەوتنە هەوڵدان بۆ فراوانكردنی هاوپەیمانیی ئەتڵەسی (ناتۆ) هەروەها فراوانكردنی یەكێتی ئەوروپا، ئەم پرسە وەك پرسێكی خەفەكراو هەتا ساڵی ٢٠٠٨ مایەوە كە تەنگژەیەكی گەورەی ئابووری لە ئەمریكا سەریهەڵدا و خۆپیشاندەران وۆڵ ستریتیان سووتاند، لەمەوە ئەم تەنگژەیە پەڕییەوە بۆ دەوڵەتانی یەكێتی ئەوروپا و خۆپیشاندانەكانی ئیسپانیای دژی جیهانگیری و خۆپیشاندانەكانی یۆنان دژی سیاسەتی دەستگرتنەوە (تەقەشوف)ی بەدوای خۆیدا هێنا و، جووڵەیەكی ناڕەزایی جەماوەریی لە ئەوروپا و ئەمریكا دروست كرد، لەبەرامبەریشدا حكومەتەكان بە خۆپابەندكردنیان بە پرانسیپە

**كاتێك ئامانجی دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستمی دیموكراتی دەبێتە ئامانجێكی گلۆباڵی، ئەوا باجدانی هاووڵاتیان نابێتە هۆی دروستبوونی خۆشگوزەرانی و دادپەوەری لە كۆمەڵگەدا، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەبێتە فاكتەرێك بۆ نەمانی دادپەروەری و دروستبوونی بێكاری و بێزاری بە كەرامەتی هاووڵاتیان**

**ناسیۆنالیزم هەیكەلێكی تازەی لە نێوان مافی هاووڵاتی و مافی خەڵكی بیانی دروست كرد، ئەم هەیكەلە تازەیە بووە هۆكاری ئەوەی دادپەروەری و یەكسانی لەناو نەتەوەدا دروست ببێت**

**ناسیۆنالیزم سەركەوتوو بوو لەوەی كە نەتەوە نوێنەرایەتی جەستەیەكی یەكگرتوو بكات، ئەمەش بووە دروستبوونی زەمینەیەكی لەبار بۆ رۆشنگەری و یەكسانبوونی تەواوی هاووڵاتیان لەبەردەمی یاسادا**

**ئەوەی هیتلەر بەسەر ئەڵمانیای هێنا، ناسیۆنالیزم نەبوو، بەڵکو ئەو هێزەی هیتلەری رووخاند، هێزی ناسیۆنالیزم بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمدا، ئەم هێزە تەنیا هیتلەری وەک ئیمپراتۆریەتێک نەرووخاندووە، بەڵکو چەندین ئیمپراتۆریەتی وەک ئیمپراتۆریەتەکانی (ئیسپانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، عوسمانی و رووسیا)ی رووخاندووە**

**ئۆباما بە رەچەڵەک ئەفریقی و کینی بوو، بەڵام ئەگەر هاووڵاتی ئەمریکا نەبوایە و رەگەزنامەی کینیای هەبوایە، ئایا قبووڵ دەکرا سەرۆکی ئەمریکا بێت؟ بێگومان نەک قبووڵ نەدەکرا، بەڵکو مافی دەنگدانیشی پێ نەدەدرا**

**ئەوانەی داکۆکی لەوە دەکەن کە دەبێت سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەک باشترین سیستم بۆ مرۆڤایەتی درێژەی هەبێت و پارێزگاری لێوە بکرێت، هەوڵێکی زۆر دەدەن کە چەمکی ناسیۆنالیزم هاوتای چەمکی پۆپۆلیزم بکەن و هەروەها چەمکی ناسیۆنالیزم لە چەمکی نیشتمانپەروەری جیابکەنەوە**

گلۆباڵییەکانی نیۆلیبراڵیزمەوە، لە بری ئەوەی سیاسەتێکی گونجاو بۆ چارەسەری ئەو کێشانە دروست بکەن، هاتن سیاسەتیان لە سیاسەت داماڵی (Depolitisation)، ئەمەش واتە ئەو ژینگە یاسایەی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك کاری تێدا دەکرد، گۆڕا بۆ مامەڵەی حکومەت لەگەڵ بازاڕدا (Marke-tisation)، راشکاوانەتر حکومەتەکان گۆڕران بۆ شێوەیەك لە کۆمپانیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بازاڕدا. ئەمەش وایکرد کێشەکان بە کەڵەکەبوویی بمێننەوە و ژینگەیەکی سیاسیی لەبار بۆ سەرهەڵدانی حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی چەپ و راست بێتەئاراوە، وەك ئێستاش دەبینین نەك هەر تەواوی سیستەمە دیموکراتیەکان لەسەر ئاستی دەوڵەتەکان لە تەنگژەیەکی گەورەدان، بەڵکو لەسەر ئاستی میتۆدە گلۆباڵییەکەشی وەك یەکێتی ئەورووپا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وەك بانکی نێودەوڵەتی و رێکخراوی بازرگانیی جیهان و هاوپەیمانیی ئەتڵەسی لە تەنگژەیەکی گەورەتردان.

### ● ئەقڵانییەتی سیاسی
### وەك داینەمۆی حوکمڕانیی دروست

هەتا ناوەڕاستی ٢٠١٦ کە دەنگدەرانی بەریتانیا دەنگیان بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا دا، دوای ئەویش دەنگدەرانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ-یان وەك سەرۆك بۆ ئەمریکا هەڵبژارد، پێوەرە جیهانییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانی و پۆلێنکردنی حوکمڕانیی باش، بریتی بوو لە پرانسیپەکانی لیبراڵیزم بۆ دەوڵەتان و پێوەرەکانی کۆپنهاگن بۆ ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپادا، بەڵام کاتێك هاووڵاتیانی بەریتانیا وەك گەورەترین و کاریگەرترین دەوڵەتی ناو یەکێتی ئەورووپا، خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن کە لەناو یەکێتی ئەورووپادا نامێننەوە و چیتر پێوەرەکانی کۆپنهایگن لە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی بەریتانیا نییە، لە هەمانکاتدا کاتێك هاووڵاتیانی ئەمریکا دەنگ بە دروشمەکەی دۆناڵد ترەمپ (ئەمریکا پێش هەموو شتێك) بدەن و هەموو پرانسیپەکانی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی رەتبکەنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەبێت لە ئێستاوە بۆ ئایندە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی حوکمڕانی و پیادەکردنی حوکمڕانیی باش چی بن؟ دیارە ئەم پرسیارە لە ئێستادا و لەسەر ئاستی جیهان گفتوگۆ و کێشمەکێشێکی گەورەی لە نێوان بیرمەندان و توێژەرانی بواری سیاسەت دروست کردووە، لە هەمانکاتیشدا جیاوازییە هزرییەکان بۆچوونەکانی بەسەر دوو بەرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دابەش کردۆتەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١. گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم و دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی.

٢. هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی سیستەمی دیموکراتی و رێگرتن لە سەرهەڵدانی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی چەپ و راست.

دیارە ئەو بیرمەند و توێژەرانەی داوای گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سیستەمی دیموکراتی یەکێکە لە داهێنانەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی بوونی نەبوایە، ئەوا سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی دروست نەدەبوو، بەڵام کاتێك ئەم سیستەمە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی وەردەچەرخێت بۆ سیستمێکی گلۆباڵی و دەیەوێت تاکگەرایی جێگەی هاونیشتمانیبوون بگرێتەوە، ئەوا خۆی لە دەوڵەتی نەتەوەیی دادەماڵێت و بەرگێکی گلۆباڵی بە بەری خۆیدا دەکات، ئەم بەرگە گلۆباڵییە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکا کە دەیانەوێت سەرکردایەتیی ئەم سیستەمە گلۆباڵییە بکەن، بارگرانییەکی گەورە لە سەر هاووڵاتیانی خۆیان دروست دەکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا هاووڵاتیان باج دەدەن بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا خۆشگوزەرانی و دادپەروەری هەبێت، ئەمەش لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا بۆ کۆمەڵگەکان فەراهەم کراوە، ئەوا هاووڵاتیان ئینتما و دڵسۆزییان بۆ دەوڵەتەکەی خۆیان هەبووە و ئامادەبوون سەربازیی زۆرەملێ قبووڵ بکەن بۆ ئەوەی بەرگری لە دەوڵەتەکەی خۆیان بکەن، بەڵام کاتێك ئامانجی دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراتی دەبێتە ئامانجێکی گلۆباڵی، ئەوا باجدانی هاووڵاتیان نابێتە هۆی دروستبوونی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە

دەبێتە فاکتەرێك بۆ نەمانی دادپەروەری و دروستبوونی بێکاری و بێڕێزی بە کەرامەتی هاووڵاتیان، ئەم حاڵەتە کە ئێستا لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا، دیاردەیەکی بەرچاوە، بۆتە هاندەری ئەوەی دەنگدەران لەو دەستەبژێرە سیاسییانە دوور بکەونەوە کە لەناو حزبە سیاسییەکانەوە بانگەشە بۆ درێژەپێدان بە سیستمی نیۆلیبڕاڵیزم، یان لیبڕاڵیزمی گلۆباڵی دەکەن.

ئەوانەی بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزم و دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن، دژی ئەو دیموکراسییەتە نین کە دەوڵەتی دایهێناوە و بەرهەمی هێناوە، بەپێچەوانەوە، وەك پرۆفیسۆر ئەندریاس ڤایمەر ئوستادی فەلسەفەی سیاسەت لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە تازەترین توێژینەوەیدا بەناونیشانی (بۆچی ناسیۆنالیزم لە برەودایە) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: یەکێك لە سیفەتە باشەکانی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە توانای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە نەریتییەی دیموکراتی هەیە کە دەڵێن: کێن ئەو کەسانەی کە دەتوانن بەناوی حکومەتەوە حوکمڕانی بکەن؟ بێگومان ئەوە دەوڵەتی نەتەوەیی بوو کە ئیمتیازی بۆ بەشێك لە نەتەوە سنووردار کرد، لە هەمانکاتدا مافی دەنگدانی لە بیانی قەدەغە کرد، ئەمەش مانای ئەوەیە ناسیۆنالیزم هەیکەلێکی تازەی لە نێوان مافی هاووڵاتی و مافی خەڵکی بیانی دروست کرد، ئەم هەیکەلە تازەیە بووە هۆکاری ئەوەی دادپەروەری و یەکسانی لەناو نەتەوەدا دروست ببێت، لەمەش زیاتر ناسیۆنالیزم سەرکەوتوو بوو لەوەی کە نەتەوە نوێنەرایەتی جەستەیەکی یەکگرتوو بکات، ئەمەش بووە دروستبوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕۆشنگەری و یەکسانبوونی تەواوی هاووڵاتیان لەبەردەمی یاسادا، بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە، دیموکراتی و ناسیۆنالیزمی خستە ناو پرۆسەیەکی هاوسەرگیریی بەردەوامەوە.

ئەندریاس ڤایمەر کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی باشووری سویسرای هاوسنووری ئەڵمانیایە، خۆیشی ئەڵمانی زمانە، سەبارەت بە قسەکانی ئەم دواییەی فالتەر فرانك شتاینمەری سەرۆکی ئێستای ئەڵمانیا کە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم گوتوویەتی: «ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیەتێکی ژەهراوییە»، ئاماژە بە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەران (دولە الرفاە) دەکات و دەڵێت: «یەکێك لە بەرهەمە شایستەکانی ناسیۆنالیزم دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی خۆشگوزەرانە کە لەسەر ڕاسپاردەی ئۆتۆ فۆن بسمارك لە ئەڵمانیا دامەزرا.» ئامانجی بسمارك لە دەوڵەتی خۆشگوزەران ئەوە بوو کە کرێکارانی ئەڵمانیا ئینیتما و دڵسۆزییان بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا بێت و دوای بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کۆمۆنیستی نەکەون، ئەم وەڵامە ناڕاستەوخۆیەی ڤایمەر بۆ سەرۆکی ئەڵمانیا بەبیرهێنانەوەیە بۆ ئەوەی، ئەوەی هیتلەر بەسەر ئەڵمانیای هێنا، ناسیۆنالیزم نەبوو، بەڵکو ئەو هێزەی هیتلەری ڕووخاند، هێزی ناسیۆنالیزم بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنالیزمدا، ئەم هێزە تەنیا هیتلەری وەك ئیمپراتۆریەتێك نەڕووخاندووە، بەڵکو چەندین ئیمپراتۆریەتی وەك ئیمپراتۆریەتەکانی (ئیسپانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، عوسمانی ژاپۆن و ڕووسیا)ی ڕووخاندووە.

ڤایمەر شۆڕشی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ی ئەمریکاو شۆڕشی ١٧٩٨ی فەرەنسا بە شۆڕشی نەتەوەیی پێناسە دەکات و هەردوو شۆڕشەکەش لە ژێر ناسیۆنالیزم پێناسەی نەتەوەکان دەکەن، لەسەر ئەم پرسەش ڕوو لەو کەسانە دەکات کە بیری ناسیۆنالیزم بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر دیموکراتی پێناسە دەکەن و دەڵێت: ئایا بۆچی ئەمریکا شۆڕشی کرد و دەسەڵاتی بەریتانیای ڕەتکردەوە؟ ئایا ئەوانەی کە ناسیۆنالیزم بە هەڕەشە بۆ سەر دیموکراتی لە قەڵەم دەدەن، ڕازی دەبن نۆبلمانێکی فەرەنسی سەرۆکی ئەمریکا بێت؟ لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارە دژبەرانی بیری ناسیۆنالیزم بڵێن، ئەی ئەوە نەبوو بە باراك ئۆباما ڕازی بووین کە بە ڕەچەڵەك ئەفریقیش بوو، بۆ ماوەی هەشت ساڵیش سەرۆکی ئەمریکا بوو؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا لایەنگرانی فیکری ناسیۆنالیزم دەڵێن: ڕاستە ئۆباما بە ڕەچەڵەك ئەفریقی و کینی بوو، بەڵام ئەگەر هاووڵاتی ئەمریکا نەبوایە و ڕەگەزنامەی کینیای هەبوایە، ئایا قبووڵ دەکرا سەرۆکی ئەمریکا بێت؟ بێگومان

**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی چەپ و ڕاست لە هەڵکشاندان و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش سیستمی دیموکراتی لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامدانەوەی خەڵک، دەستەوەستان و دۆشداماو دەبێت**

**مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیست کە هێشتا نەگەیشتۆتە ٣٠٠ساڵ، ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییەی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ئاشکرا کردووە کە چەمکی ناسیۆنالیست، هاووڵاتیبوونی ئەندامانی نەتەوە، یان گەل لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات، کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی نەتەوەیی**

**ئەگەر دەوڵەت یان قەوارەیەکی سیاسیی بوونی نەبوو، ئەوا ئامانجی ناسیۆنالیست دامەزراندنی دەوڵەت، یان قەوارەیەکی سیاسی دەبێت بۆ ئەوەی ناسنامەی ئەندامانی نەتەوە پێناسە بکاتەوە**



**گرێدانەوەی چەمکی ناسیۆنالیست بە ناسنامەی هاووڵاتیبوونەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، دەبێتە بنەمای ڕێکخستنی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی کە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو ڕێکدەخات، ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتیەش کە هەردوو چەمکی فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو پێناسە دەکاتەوە، چەمێکی چەقبەستوو نییە، بەڵکو جۆرە دایناموێەکی هەیە کە دەتوانێت جێگۆڕکێ بە فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو بکات**

نەك قبووڵ نەدەکرا، بەڵکو مافی دەنگدانیشی پێ نەدەدرا.

لەم چوارچێوەیەدا لایەنگرانی گەڕانەوە بۆ ناشنالیزم و دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، سیستمی دیموکراتی ئامرازێکە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك و یەکسانیی ئەندامانی نەتەوە لەبەردەم یاسا دایهێناوە، بۆیە ئەم ئامێرە کە لە ئێستادا نەتوانێت ئەو ئامانجانە بەدەستبهێنێت کە دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانجیەتی، ئەوا دەبێت جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەرهەمهێنانەوەی ئامرازێکی دیکە بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری بۆ ئەندامانی نەتەوە دابین بکاتەوە.

لێرەدا ئەقڵانییەتی سیاسی لەو خاڵەدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە کە سیستمی دیموکراتی ئامرازە و ئامانج نییە، بۆیە کاتێك هەوڵێك دێتە پێشەوە بۆ گۆڕینی ئەم ئامرازە بە ئامانج، ئەوا ئەقڵانییەتی سیاسی کۆتایی دێت و قۆناخی پۆست سیاسەت دەست پێدەکات، هەروەك چۆن ئێستا لە کۆمەڵگە نیۆلیبراڵەکاندا سیاسەت بوونی نەماوە و کێشەکانی کۆمەڵگەش تەنیا بە ئەقڵانییەتی سیاسی چارەسەر دەکرێت، نەك بە کێبڕکێ و نرخ زیادوکەمکردنی پشکەکان لە بۆرسە جیهانییەکاندا. لەبەرامبەردا ئەوانەی داکۆکی لەوە دەکەن کە دەبێت سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەك باشترین سیستم بۆ مرۆڤایەتی درێژەی هەبێت و پارێزگاری لێوە بکرێت، هەوڵێکی زۆر دەدەن کە چەمکی ناسیۆنالیزم هاوتای چەمکی پۆپۆلیزم بکەن و هەروەها چەمکی ناسیۆنالیزم لە چەمکی نیشتمانپەروەری جیابکەنەوە، هەروەك چۆن ئەمانوئیل ماکرۆنی سەرۆکی ئێستای فەرەنسا دەڵێت: «ناسیۆنالیزم خیانەتە لە نیشتمانپەروەری»، سەبارەت بەم قسەیەی ماکرۆن کە بە راشکاوی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری لێك جیادەکاتەوە، دیارە ئەوانەی چاودێری هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٧ی فەرەنسایان کردبێت و بەراوردێك لە نێوان ماکرۆن و رکابەرەکەی مارین لۆبان بکەن، راشکاوانە لەوە تێدەگەن مەبەستی ماکرۆن لەم جیاکردنەوەیە




چییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماری لۆبان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا داوای جیابوونەوەی فەرەنسای لە یەکێتی ئەوروپا دەکرد، ئەم بانگەشەی لۆبان وەك هەڵمەتێکی پۆپۆلیستی و گەڕانەوە بۆ رەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزم لەسەر ئاستی فەرەنسا بەرپەرچ درایەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٩٨ شۆڕشی کرد و ئامانجی شۆڕشی فەرەنسا چی بوو؟ بۆچی ساڵانە هەموو هاووڵاتیانی فەرەنسا بە شانازییەوە یادی شۆڕشی فەرەنسا دەکەنەوە؟ ئایا شۆڕشی فەرەنسا پێناسەکردنەوەیەکی ناسیۆنالیستانەی گەلی فەرەنسا نییە؟ یان بۆچی حزبی شیوعیی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٩٠ داوای کۆبوونەوەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی کرد و خۆی لە بزووتنەوەی پرۆلیتاریای کۆمۆنیستیی جیهانی جیاکردەوە؟ یان پرسیاری دیکە بۆ ئێستا ئەوەیە بۆچی کاتێك خەڵکانێك رەگەزنامەی فەرەنسییان هەیە و کارێکی تیرۆریستی لە پاریس یان هەر شارێکی دیکەی فەرەنسا ئەنجام دەدەن، لەناو رای گشتیی فەرەنسادا پێیان دەڵێن: «نەوەکانی فیشی»؟ ئایا ئاماژەکردن بۆ نەوەکانی فیشی خۆی لە خۆیدا کرۆکیی ناسیۆنالیستی فەرەنسی نییە کە داگیرکاری ئەڵمانیا بۆ سەر فەرەنسا رەتدەکاتەوە؟ دیارە فەرامۆشکردنی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەلایەن ئەوانەی بەرگری لە سیستمی دیموکراتی دەکەن، وەك ئامانجێکی گەورەتر لە دەوڵەتی نەتەوەیی، جیا لەوەی ئەو ژینگە ئاڵۆز و ناسەقامگیرەی ئێستای لە رۆژئاوا دروستکردووە، کە رۆژ لە دوای رۆژ سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی چەپ و راست لە هەڵکشاندان و، رۆژ لەدوای رۆژیش سیستمی دیموکراتی لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامدانەوەی خەڵك، دەستەوەستان و دۆشداماو دەبێت، ئەمەش جۆرێکە لە خۆداماڵین لە ئەقڵانییەتی سیاسی و هێنانەدەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانییە لە چوارچێوە سیاسی و یاساییەکەی و وەرچەرخانە بەرەو بازاڕگەرایی کە حکومەت بێجگە لە کۆمپانیەك هیچ رۆڵێکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە.

### ● حوکمڕانیی دروست و سەرکەوتوو

**ئەگەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی، دەستەبژێرێک هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بەناوی تەواوی گەلەوە حوکمڕانی بکەن و فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتدا بکەن، ئەوا ئەم دەستەبژێرە پێش ئەوەی ببنە فەرمانڕەوا، فەرمانپێکراوی گەلن و ملکەچی ئەو بڕیارەن کە ئەندامانی نەتەوە لە چوارچێوەی سندوقەکانی دەنگدان داویەتی**

## وەڵامدانەوەی ناسیۆنالیستانەیە بۆ خواستی هاووڵاتیان

پێناسەکردنی چەمکی ناسیۆنالیست بەبێ چوارچێوەی دەوڵەت، یان قەوارەیەکی سیاسیی هاوشێوەی تایوان و هەرێمی کوردستان کارێکی مەحاڵە. مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیست کە هێشتا نەگەیشتۆتە ٣٠٠ساڵ، راشکاوانە ئەو راستییەی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ئاشکرا کردووە کە چەمکی ناسیۆنالیست، هاووڵاتیبوونی ئەندامانی نەتەوە، یان گەل لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکات، کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر دەوڵەت یان قەوارەیەکی سیاسیی بوونی نەبوو، ئەوا ئامانجی ناسیۆنالیست دامەزراندنی دەوڵەت، یان قەوارەیەکی سیاسی دەبێت بۆ ئەوەی ناسنامەی ئەندامانی نەتەوە پێناسە بکاتەوە.

گرێدانەوەی چەمکی ناسیۆنالیست بە ناسنامەی هاووڵاتیبوونەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، دەبێتە بنەمای رێکخستنی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەی کە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو رێکدەخات، ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتیەش کە هەردوو چەمکی فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو پێناسە دەکاتەوە، چەمێکی چەقبەستوو نییە، بەڵکو جۆرە داینامۆیەکی هەیە کە دەتوانێت جێگۆڕکێ بە فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو بکات.

راشکاوانەتر ئەگەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی، دەستەبژێرێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بەناوی تەواوی گەلەوە حوکمڕانی بکەن و فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتدا بکەن، ئەوا ئەم دەستەبژێرە پێش ئەوەی ببنە فەرمانڕەوا، فەرمانپێکراوی گەلن و ملکەچی ئەو بڕیارەن کە ئەندامانی نەتەوە لە چوارچێوەی سندوقەکانی دەنگدان داویەتی، بۆیە کاتێك گەل بە فەرمانی خۆی فەرمانڕەوا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەوا چۆن ئەندامانی نەتەوە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەبنە فەرمانپێکراوی فەرمانڕەوا، بەهەمان شێوەش دەبێت فەرمانڕەوا خۆی بە فەرمانپێکراوی گەل بزانێت، ئەم هاوکێشەیە زۆر بە رێکوپێکی بەرەو پێشکەوتن و داهێنان هەنگاو هەڵدەگرێت، هەتا متمانە لەنێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراودا مەحەکی پەیوەندیی نێوانیان بێت، بەڵام کاتێك متمانە لەم گرێبەستە هاوسەنگە کەموکورتی تێکەوت، یان بوونی نەما، ئەوا نە فەرمانڕەوا فەرمانڕەوایی پێ دەکرێت و نە ئەندامانی نەتەوەش فەرمانەکانی فەرمانڕەوا جێبەجێ دەکەن، لەم حاڵەتەشدا پرۆسەی حوکمڕانی وەك لاشەیەکی بێگیانی لێ دێت.

لە ئێستای سەرانسەری جیهاندا و لە سایەی بانگەشەکردن بۆ گلۆبالیزم، هاوسەنگیی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو بە جۆرێك ناهاوسەنگی تێ کەوتووە، کە دەشێت راشکاوانە بڵێین: متمانەی نێوان ئەندامانی نەتەوە و دەستەبژێری حوکمڕان بە ئاستێك لاواز بووە کە لە زۆر حاڵەتەدا دەکرێت بڵێین هەر نەماوە. هۆکاری سەرەکیش بۆ نەمان، یان لاوازبوونی متمانەی نێوان ئەندامانی نەتەوە و دەستەبژێری فەرمانڕەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پابەندبوونە تازەیەی دەستەبژێری حوکمڕان بە راسپاردەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەك پابەندبوونیان بە راسپاردە، یان خواست و داخوازیی هاووڵاتیانی خۆیان، ئەم پابەندبوونەی دەستەبژێری حوکمڕان بەو راسپاردە نێودەوڵەتییانەوە وای کردووە، دەستەبژێری حوکمڕان خەریکی دروستکردنی ئەو سیاسەت و بڕیارانە بن کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو راسپاردە نێودەوڵەتییانە پێویستن، لەم حاڵەتەشدا ئەو بڕیار و سیاسەتانەی دەستەبژێری حوکمڕان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵت دروستی دەکەن، کەم تا زۆر پەیوەندی بە سیاسەتی لۆکاڵیی دەوڵەتەوە نییە، بۆیە کۆمەڵگە و دروستکردنی سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە لێك جیادەبنەوە و لەم حاڵەتەشدا شتێك نامێنێت لەناو کۆمەڵگە ناوی سیاسەت بێت، بۆیە هاووڵاتیان دەیانەوێت ئەو دەستەبژێرە فەمانڕەوایە لەناو پرۆسەی سیاسی بکەنە دەرەوە. ئەمەش وایکردووە لە هەموو وڵاتانی گەورەی پیشەسازی و ئەو وڵاتانەی کە بانگەشە بۆ گلۆبالیزم دەکەن، شەپۆلێکی نارەزایی زۆر توند دژی دیاردەی گلۆبالیزم سەرهەڵبدات.

ئەگەر ئەمە کێشەی نێوان ئەندامانی نەتەوە و دەستەبژێری فەرمانڕەوا بێت لە وڵاتانی رۆژئاوای پیشەسازی، ئەوا لە وڵاتانی تازە

**هۆکاری سەرەکی بۆ نەمان، یان لاوازبوونی متمانەی نێوان ئەندامانی نەتەوە و دەستەبژێری فەرمانڕەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پابەندبوونە تازەیەی دەستەبژێری حوکمڕان بە راسپاردەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەک پابەندبوونیان بە راسپاردە، یان خواست و داخوازیی هاووڵاتیانی خۆیان**

**دەستەبژێری فەرمانڕەوا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا کە لە ناو حزبە سیاسییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، هێندەی خۆیان سەرقاڵ کردووە بە سیاسەتی حزبایەتیی تەسک و شەڕی ئایدیۆلۆژی نێوان حزبەکان، هێندە ئاگایان لە کێشە و خواستەکانی خەڵک نییە**

**هەموو سیاسەتمەدارێک نابێتە دەوڵەتمەدار، یان توانای ئەوەی نابێت لە پرۆسەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتدا سەرکەوتوو، بەڵکو تەنیا ئەو سیاسەتمەدارانە دەبنە دەوڵەتمەدار کە توانای ئەوەیان هەبێت سیاسەتی حزبی بگۆڕن بۆ سیاسەتی حوکمڕانی و کاتێک دەبنە فەرمانڕەوا هێندەی خەمی ئایندەی نەتەوەی خۆیان دەبێت، هێندە چاویان لەسەر سندوقی دەنگدانی داهاتوو نییە**

پێگەیشتوو و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هۆکاری نەمانی متمانە لە نێوان ئەندامانی نەتەوە و دەستەبژێری فەرمانڕەوا، هۆکار گەلێکی دیکەن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم کێشەیەش لەگەڵ کێشەی دەوڵەتانی رۆژئاوای پیشەسازی یەک دەگرێتەوە، کە ئەویش داماڵینی کۆمەڵگەیە لە سیاسەتی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و وەڵامدانەوەی خواستی هاووڵاتیان.

دەستەبژێری فەرمانڕەوا لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا کە لە ناو حزبە سیاسییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، هێندەی خۆیان سەرقاڵ کردووە بە سیاسەتی حزبایەتیی تەسک و شەڕی ئایدیۆلۆژی نێوان حزبەکان، هێندە ئاگایان لە کێشە و خواستەکانی خەڵک نییە، ئەم سیاسەتە جیاکراوەیە لە خەم و داواکاریی هاووڵاتیان جۆرێک لە نائومێدی لای هاووڵاتیان دروست دەکات، کە لە رقی دەستەبژێری حوکمڕان لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەو حزبە ئایدیۆلۆژییانە بدەن کە دژایەتیی دەستەبژێری ئێستای فەرمانڕەوا دەکەن، هەروەک چۆن لە رۆژئاوای پێشەسازی دەنگ بەو سەرکردە و حزبە پۆپۆلیستانە دەدەن، کە دژایەتیی ئەو دەستەبژێرە حوکمڕانە دەکەن، کە پشتگیری لە گلۆبالیزم، یان بەرگری لە سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی دەکەن، وەک ئامانج، نەک ئامراز.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی کابینەیەکی تازەین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگە راشکاوانە دەست لەسەر ئەو برینە دابنێین کە حزبە سیاسییەکان لە پرۆسەی حوکمڕانی کوردستاندا دروستیان کردووە، ئەو برینەش ئەوەیە: سیاسەتی حزبایەتیی تەسک (کۆمەڵگە و سیاسەتی دروستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان)ی لە یەکتر جیاکردۆتەوە، راستە حزبەکان کۆبوونەوە دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن، بەڵام ئەو سیاسەتەی دروستی دەکەن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی حوکمڕانی و بەشداریکردن لە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هێندە پەیوەندی بە پشک و پۆستی حزبەکانەوە هەیە، هێندە پەیوەندی بە دروستکردنی سیاسەتێکی دروستی حوکمڕانییەوە نییە کە بتوانێت چارەسەرێک بۆ خواست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بدۆزێتەوە، ئەمەش وایکردووە هاووڵاتیانی کوردستان متمانەیان بەو دەستەبژێرە لاواز بێت کە حزبەکان دەیانەوێت وەک نوێنەرانی گەل و نەتەوە بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانیدا بکەن.

پرۆفیسۆر ئۆستن رەنی خاوەنی کتێبی (سیاسەتی حوکمڕانی)، زۆر بە راشکاوی هەر دوو چەمکی سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەداری لە یەکتری جیاکردۆتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەموو سیاسەتمەدارێک نابێتە دەوڵەتمەدار، یان توانای ئەوەی نابێت لە پرۆسەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتدا سەرکەوتوو بێت، بەڵکو تەنیا ئەو سیاسەتمەدارانە دەبنە دەوڵەتمەدار کە توانای ئەوەیان هەبێت سیاسەتی حزبی بگۆڕن بۆ سیاسەتی حوکمڕانی و کاتێک دەبنە فەرمانڕەوا هێندەی خەمی ئایندەی نەتەوەی خۆیان دەبێت، هێندە چاویان لەسەر سندوقی دەنگدانی داهاتوو نییە، ئەگەر ئەم لۆژیکەی ئۆستن رەنی بەسەر پرۆسەی سیاسی لە کوردستان پراکتیزە بکەین، ئەوا هەر لەدوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی رابردوو، راشکاوانە هەست بەوە دەکرێت کە حزبە سیاسییەکان هێندەی چاویان لەسەر سندوقی هەڵبژاردنی داهاتووە، هێندە چاویان لەسەر سبەینێی خەمەکانی نەتەوەی خۆیان نییە.

ئەو واقیعە تاڵەی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەموو کەسێک هەستی پێدەکات، ئەرکی سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان قورستر کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ئێستاوە هەست بەوە دەکرێت نە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا ئەو ژینگەیە بەو ئاستە لەبارە کە بە راشکاوی بە بێ مکیاجکردن یاسا و بڕیاری زۆر بوێرانە دەربچێت، نە لەناو ئەنجومەنی وەزیرانیشدا ئەو ژینگە لەبارە بوونی دەبێت کە بتوانرێت بوێرانە هەموو بەرنامە و سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

کێشەی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسەت و بڕیار دروستکردن لەناو پرۆسەی حوکمڕانی

**ئەو واقیعە تاڵەی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەموو کەسێک هەستی پێدەکات، ئەرکی سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان قورستر کردووە**

**لە ئێستاوە هەست بەوە دەکرێت نە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا ئەو ژینگەیە بەو ئاستە لەبارە کە بە راشکاوی بێ مکیاجکردن یاسا و بڕیاری زۆر بوێرانە دەربچێت، نە لەناو ئەنجومەنی وەزیرانیشدا ئەو ژینگە لەبارە بوونی دەبێت کە بتوانرێت بوێرانە هەموو بەرنامە و سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەت وەک خۆی جێبەجێ بکرێت**

**کێشەی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسەت و بڕیار دروستکردن لەناو پرۆسەی حوکمڕانی کوردستاندا بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە هێڵێکی روون و ئاشکرای نەتەوەیی و نیشتمانی بوونی نییە کە سیاسەتی تەسکی حزبایەتی لە سیاسەتی حوکمڕانیی نیشتمانی جیابکاتەوە**

**ئەگەر پارتی و مسرور بارزانی لەم ئەرکە پشتیوان بەخوا سەرکەوتووبن و لە ئاستی ئەو متمانەیە بن کە گەلی کوردستان پێی بەخشیوون، ئەوا ئەوەی ئێستا حزبەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەیکەن، هیچ بایەخێکی نامێنێت**

کوردستاندا بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە هێڵێکی روون و ئاشکرای نەتەوەیی و نیشتمانی بوونی نییە کە سیاسەتی تەسکی حزبایەتی لە سیاسەتی حوکمڕانیی نیشتمانی جیابکاتەوە، زۆر جاران حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتیی خۆیان سیاسەتی حوکمڕانیی نیشتمانی دەکەن بە قوربانیی سیاسەتی تەسکی حزبایەتیی خۆیان.

لە مێژووی حوکمڕانی نەتەوەکانی جیهاندا، ئەرکی دەوڵەتمەدار ئەو ساتانە دەردەکەوێت و دەوڵەتمەدار ئەو کاتە دەدرەوشێتەوە کە توانای ئەوەی هەبێت لەناو ئاسمانی تەمومژاوی پرۆسەی حوکمڕانیدا بە سیاسەت و بڕیارەکانی بەرچاوی هاووڵاتیانی خۆی رۆشن بکاتەوە، لەمەش زیاتر بڕیاری بوێرانە بدات و چاوی لەوە نەبێت کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا باجەکەی دەدات، یان حزبەکەی چەند کورسییەك کەم، یان زیاد دەکات. ئەوانەی لە رۆژە سەخت و ئاڵۆزەکانی مێژووی نەتەوە ئازادەکاندا لە پرۆسەی دەوڵەتمەدارییدا بڕیاری قورس و بوێرانەیان داوە، هەرگیز چاوەڕێی ئەوەیان نەکردووە، نەیار و دژەکانیان چ دەڵێن، بەڵکو چاوەڕێی ئەوە بوون تا چەند تروسکاییەکی رووناکی بۆ ئایندەی نەتەوەکەیان دەکەنەوە، بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو بڕیارە بوێرانەی ئەبراهام لینکۆڵن بکەین کە بۆ شەڕی دژی کۆیلایەتی دای، ئەوکات نەیار و دژەکانی لینکۆڵن بە هەموو جۆرێك هەوڵیاندەدا کە لەو



شەڕە سەرکەوتوو نەبێت، بەڵام لەوکاتەی کە لینکۆڵن بڕیاری شەڕەکەی دا، لە هەمانکاتدا دەستی بە دروستکردنی بینایەکی نوێ بۆ کەپیتاڵ هۆڵ کرد و رایگەیاند: دوای ئەم شەڕە ئامادەم لەم بینا تازەیە گەل لێپرسینەوەم لەسەر بڕیارەکەم لێ بکات. هەروەها جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، گرنگیی بڕیاردان ئەوەیە لە بڕیارەکەت سەرکەوتوو بیت، ئەگەر بڕیارەکە سەرکەوت، ئەوا ئەوەی نەیارەکان ئێستا دەیڵێن، هیچ بایەخێکی نامێنێ و ئەگەر بڕیارەکەش سەرنەکەوت، ئەو کات من هەرچی بڵێم هیچ بایەخێکی نامێنێت.

ئەم پەندەی لینکۆڵن، وانەیەکی گەورەیە بۆ شێوازی حوکمڕانی و کۆکردنەوەی ئامانجەکان لە ئایندەی نەتەوەدا، لەوانەیە بۆ ئێستای حوکمڕانیی کوردستان و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و مسرور بارزانی وەك سەرۆك وەزیرانی داهاتووش راست بێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان بەو متمانە زۆرەی بە پارتی داوە و هەروەها بەو متمانەیەی بە سەرۆك بارزانی-یان هەیە و ئەویش مسرور بارزانی بۆ ئەم پۆستە کاندید کردووە، ئومێدێکی زۆریان لەسەر کابینەی تازەی حکومەت هەڵچنیووە، هەر بۆیە ئەگەر پارتی و مسرور بارزانی لەم ئەرکە پشتیوان بەخوا سەرکەتووبن و لە ئاستی ئەو متمانەیە بن کە گەلی کوردستان پێی بەخشیوون، ئەوا ئەوەی ئێستا حزبەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەیکەن، هیچ بایەخێکی نامێنێت.

**ئەوەی خەڵکی کوردستان بەو متمانە زۆرەی بە پارتی داوە و هەروەها بەو متمانەیەی بە سەرۆک بارزانی-یان هەیە و ئەویش مسرور بارزانی بۆ ئەم پۆستە کاندید کردووە، ئومێدێکی زۆریان لەسەر کابینەی تازەی حکومەت هەڵچنیووە**



# سۆشیال میدیا و ناوزڕاندن و تیرۆری کەسایەتی

ناوزڕاندن و سووکایەتی پێکردن و چوونە ناو ژیانی تایبەتی کەسەکان، هەر لە سەرەتای هاتنی ئامرازەکانی راگەیاندنی وەك رۆژنامەو دواتر رادیۆ تا هاتنی ئەمڕۆی میدیای ئەنتەرنێتی و سۆشیال میدیا و جۆرەکانی دیکە، بە هۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەوە، کاریگەرییەکی نەرێنی هەبووە، سەرباری بوونی یاسا و بەندی تایبەت بە رێگریکردنی و سزادانی خراپ بەکارهێنەرانی، تائێستاش نەتوانراوە بنبڕ بکرێت.

بە هاتنی سۆشیال میدیا و پێشتریش میدیای ئینتەرنێت فەزای ناوزڕاندن و سووکایەتی و شکاندن و تیرۆری کەسایەتی فراوانتر بوو. لەبەر ئاساننەبوونی توانای کۆنترۆڵکردنیان بە یاسا و هەروەها بوونی فەزایەکی فراوانی ئازادی و جیهانی گریمانەیی کە بەشێك لەو ئەکاونتانە رەنگە بوونێکی راستەقینە نەبن، کەسێك، یان ئۆرگانێك دەتوانێت بە چەندین ناو وێنەوە شوێنی خۆی لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکاتەوە.

رەنگە بە هۆکاری سیاسی، ژینگەی رۆژنامەگەری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کراوەیی کۆمەڵگە و ئاستی مۆدێرنبوونی کۆمەڵگە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبێت، لە هەمان کاتدا ئایدیا و رۆئیا و پەروەردەی تاکەکان رۆڵی لە چۆنیەتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ سۆشیال میدیا هەیە. بۆ نموونە: لە کۆمەڵگەیەك کە ئازادیی سیاسی و رادەربڕین نەبووبێت و تاکەکان کەمتر ئازاد بووبن لە دەربڕینی راوبۆچوونیان، کاتێك دەچێنە ناو سۆشیال میدیا و بە بێ بوونی هیچ بەربەستێك ئەو پانتاییە لە ئازادای دەبینن، هەر تاکێکیان کە تەماشا دەکات، نەك تەنیا بە ناوی خۆی، بەڵکو بە هەر ناوێك ئازادانە دەتوانێت ئەکاونتی هەبێت و دەموچاو و ناسنامەی خۆی بشارێتەوە، هەروەها چی دەڵێت، دەتوانێت بیلێت. ئەمە جگە لەوەی کە لێرەدا بەشێکی کەبتبوونەکەی لە کۆمەڵگە واقیعییەکەدا قەرەبوو دەکاتەوە، تۆڵەش لەو کەسانە دەکاتەوە کە ناتوانێت بە ئاشکرا رەخنەیان لێ بگرێت، یان ناوزڕاندنیان پێ بکات.

کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا کە دادوەریی



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کۆمەڵایەتی نییە، یان کەمە، جیاوازیی چینایەتی و دەسەڵات هەیە، تاکەکان زیاتر پەنا بۆ ناوزڕاندن و قسەکردن لەسەر ژیانی تایبەتیی کەسەکانی دیکە دەبەن، وەك لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و بوونی دادوەریی کۆمەڵایەتی کە تاك هەست بە جیاوازی و زوڵم ناکات، ئەگەر هەستیشی پێ بکات، ئازادانە و بە ئاشکرا رەخنە دەگرێت، یان رای خۆی دەڵێت. لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە رەگەزی نێرو مێ ئازاد نین لە بوونی پەیوەندییە هاوڕێیەتی و خۆشەویستییەکان و پەیوەندییەکانی دیکە، کاتێك لە جیهانی سۆشیال میدیا ئازادانە دەتوانێت دەریچەیەکی بۆ ئەو پەیوەندییانە هەبێت، بواری زیاتر دروست دەبێت بۆ ناوزڕاندن و شکاندنی کەسەکان، وەك ئاشکربوونی ئەو چات و گفتوگۆ و وێنە و ڤیدیۆیانەی کە رۆژانە ئاشکرا دەبن بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە هەمان کاتدا ژینگەی سیاسی و بوونی ململانێ و قەیرانی سیاسی و کێبڕکێی نێوان پارتەکان هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی چەندین پەیج و ئەکاونتی سێبەر و شکاندنی لایەنی بەرامبەر و کەسایەتییە سیاسییەکانی ناو پارتە رکابەرەکان.

ئەمە سەرباری گەشەسەندنەکانی تەکنەلۆژیا کە زۆر ئاسان مامەڵە بە زانیاری و داتا و وێنە و ڤیدیۆکانەوە دەکرێت و دەستکاری دەکرێن، بە جۆرێك کە دەتوانرێت زۆر ئاسان کلیپێك، یان وێنەی کەسێك، یان ڤیدیۆیەك دەستکاری بکرێت، یان دروست بکرێت، ئەمەش بێگومان تەنیا بە رێکاری یاسایی و دانانی یاسای رێگریکردن لەو دیاردانە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە هەماهەنگییەکی نیشتمانی، یاسایی، تەکنیکی و پەروەردەیی هەیە.

ماوەتەوە بڵێین، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازە نوێیەکان لە ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا رۆڵی هەیە، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قۆناغبەندی گەشە دەکەن، هۆشیارتر مامەڵە لەگەڵ ئامرازە نوێیەکان دەکەن، لەچاو کۆمەڵگەیەکدا بە بازدان گەشە دەکات و دەگاتە تازەگەری و ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، کە هێشتا زانستی و پەروەردەیی و مێنتاڵی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کە هۆشیارانە و بەرپرسانە ئامرازەکان بەکاربهێنن.